# دەقئاوێزانی خودیی لە شیعرەکانی گۆراندا

**د.سامان جلال عزیز**
**بەشی کوردی/ زانکۆی سلێمانی**

**الملخص**

يتناول هذا البحث النتاجات الشعرية للشاعر الكردي المبدع عبدالله گۆران(١٩٠٤- ١٩٦٢) وعلاقات شعره التناصية مع نتاجاته الأخرى.

يُطَّبق الباحث في دراسته هذه منهج او اسلوب التناص، أي علاقة نص أدبي بنصوص أخرى، لتبيان العلاقات الصريحة والخفية بين تلك النصوص.

لقد تطرَّق كتاب عديدون الى مفهوم التناص بشكل عام او جوانب منه خصوصاَ، ولكن ليس كروؤيا شاملهة أو منهج واضح المعالم وكان ذلك حتى الستينات من القرن الماضي، الى ان صاغته يوليا كريستوفا كمنهج علمي للبحث.

يُطبق كاتب هذا البحث منهج يوليا كريستوفا للتناص الذاتي في دراسته المسماة ب"التناص الذاتي بين اشعار الشاعر الكردي عبدالله گوران".

يتكوّن البحث من مقدمة وخمسة فصول و استنتاجات تختتمه أسماء المصادر والمراجع.

وفي الفصل الأول" تأريخ تطور مصطلح التناص وانواعه"- يستعرض الباحث التطور التأريخي للمصطلح وانواعه وآليات التناص بشكل عام معتمداَ على منهج يوليا كريستوفا.

ويُطَبق الدارس في الفصل الثاني"التناصية بين العناوين المتشابهة"، مبيناً بأسلوب تطبيقي دقيق وأحصائي العلاقات التناصية بين اشعارٍ مختلفة للگوران.

وأما في الفصل الثالث"التناص الذاتي بين اشعار مختلفة بواسطة تكرار : نفسِ الكلمة، أو نفس العبارة أو نفس الجملة". والفصل الرابع تحت عنوان:"التناص الذاتي بواسطة تكرار نفس الفكرة" تباحث الباحث عديد من الامثال في اطار هذا العنوان. وأخيراَ يأتي الفصل الخامس بعنوان:" التناص الذاتي بواسطة تكرار نفس الصورة ". وفي الخاتمة عرض مسهب لأهم الأستنتاجات التي توصل اليها الباحث من خلال دراسته.

**ABSTRACT**

This research deals with “Groans poem”, especially self-intertextuality in his poems, which they depict his cultural and intellectual thoughts and they are nets from a lot of codes. This is direct reason for other texts associations by the mean of arouse previous poems either directly or indirectly in a new way. They are reproducing the former poems in a new artistic function not as repetition.

The thesis consists of five chapters:

Chapter one: It specified for intertextualitys history and its types which depends on kristivas method.

Chapter two: it dealt with similarity some titles of some poems. It entitled:”self –intertextuality among titles .”

Chapter three: It is entitled” Self-intertextuality by Repetitions of the same: Words, Phrases, and Sentences”. It is divided into three topics. The first topic entitled” Self-intertextuality by Repetitions of the same words”. The second topic entitled” Self-intertextuality by Repetitions of the same phrases”. The third topic entitled “Self-intertextuality by Repetitions of the same sentences.”

Chapter four: this chapter deals with those poems that they have the same ideas or themes which are entitled:” Self-intertextuality by Repetitions of the same theme.”

Chapter five: this chapter deals with those poems that they have the same images which are entitled:” Self-intertextuality by Repetitions of the same image”. At the end in conclusion, we show all the main conclusions which are resulted from the research.

**پێشەکی:**

لەم چەشنە پرسیارە لەکاتو شوێنی تریشدا کراوە، بەڵام پێم باشە هەر بەم پرسیارە – پێشەکییەکە- دەست پێبکەم؛ ئاخۆ ئەشێت دەقێك هەبێت، بەبێ سوود وەرگرتن لە دەقەکانی پێشتریو هاوچەرخەکانی – واتە: لەهیچی نەبووەوە- بەرهەمهاتبێت؟! کورد وتەنی هەرهەمووی، بەپێستو تووکەوە هی خودی نووسەر خۆی بێت؟ دیارە وەڵامەکەی نەخێرە، چونکە هەمیشە دەقەکان لەسەر بنەمای سوود وەرگرتنەوە لە کەرەستەی دەقەکانی تر بنیاتنراون؛ "هیچ دەقێکی ئەدەبی دیاردەیەکی لاچەپو کەنارگیر نییە، بەڵکو مۆزایکی دەق پێکدێنێ"( د. ئەنوەر قادر محمد، دەقئاوێزانی شیعری مەولانای ڕۆمی (١٢٠٧-١٢٧٣)و مەولەوی تاوگۆزی (١٨٠٦- ١٨٨٢)، ٢٠٠٦، ل ١٠) . بۆیە نووسەران لە هەموو قۆناغو سەردەمەکاندا بەسوود وەرگرتن لە نووسینی ئەوانی تر دەقەکانیان پێشکەشکردووەو هەرچییەکیشیان لە هاوسەردەمو پێشینەکانیان وەرگرتبێت بە شێوازێکی نوێ – چۆنیان مەبەست بووە بەوشێوەیە- پێشکەشیان کردووینەتەوە. بەوەش لەو مەیدانەدا ئەسپی خۆیان تاوداوەو کەوتوونەتە ناو کێبڕکێی ئەدەبی لەگەڵ ئەوانی ترداو هەوڵیان داوە کەرەستەکان لەدەقە نوێکەدا بەپێزترو جوانتر پێشکەش بکەن، کەواتە: بالای دەقەکانیان بەباڵای ئەوانی تر گرتووە، بەهیوای ئەوەی نوێکە پەسەندتر بێت. لەمبارەیەوە زانای ئەدەبناسی سویدی ك. ئیپسمارك ئاماژەی بەوە کردووە:"ئینتەرتێکستواڵیتی جۆرە کێبڕکێو شان لەشاندانێکە لەنێوان دەقو بەرهەمەکاندا"( هەمان سەرچاوە، ل ١٠). هونەرو ئەدەب بەهۆی بوونی کێبڕکێوە، بەردەوام بووەو بەردەوامیش دەبێت. کەسیش- بە پێی چەمکی دەقئاوێزان- بەدەرنابێت لەو کەوتنە بەر کاریگەریو سوود وەرگرتنو بەکارهێنانەوەی کەرەستەی دەقەکانی تر. واتە: کەس نییە هەموو ئەوەی دەیڵێتو دەیکات لەبەرهەمەکانیدا هەر هەمووی هی خۆی بێتو لە نەبوونەوە دایهێنابن. ‘دەق لە هیچەوە داناڕێژرێت، بەڵکو بنچینەو سەرچاوەی زانیاری خۆیی هەیە، کە پەیوەستی دەقە پێشینەو هاوکاتەکانێتیو لەسەر ئەو بنەمایانە دەچنرێت لەنێو کۆنتێکستێکدا بەشێوەی چنراوێکی پێکەوە گرێدراو، کە سیستمێکە چەندین سیستمی تر پێکەوە کۆدەکاتەوە‘(د. محمد عبدالرضا شياع، الخلفية النصية الاسبانية والشعر العربي المعاصر – بحث في التفاعل النصي، ٢٠١٣ ، ص ٤٧) . لەمەوە دەردەکەوێت"دەقئازێزان بەو واتایە دێت، کە داهێنراوێك نییە پەیوەندی بە ڕابردووەوە نەبێتو بەرهەمێك نییە تاك دەنگی بێت، بەڵکو فرە دەنگییەو بەرهەمی داهێنراویش بە تەنیا تاکە کۆدێکی نییە بەیەك کلیلو بەیەك ئاڕاستەدا بکرێتەوە، بەڵکو فرە کۆدو فرە دەلالەتەو بەچەندین کلیلو بەچەندین ئاڕاستەدا کۆدەکانی دەکرێنەوە"( سامان جەلال عەزیز، دەقئاوێزانی شیعری گۆران لە شیعری (هەردی، دیلان، ع. ح. ب، کامەران)دا، ٢٠١٤ ، ل ٣١) . بۆیە لەسۆنگەی ئەو راستیانەوە ئەم لێکۆڵینەوەیەمان

ئامادەکردووە بە ناونیشانی (دەقئاوێزانی خودیی لە شیعرەکانی گۆراندا) ، بەو هیوایەی مەڵۆیەکی تر بخەینە سەر خەرمانی ئەو توێژینەوانەی لە مەیدانی دەقئاوێزاندا بەگشتیو لە مەیدانی دەقئاوێزانی خودیدا بە تایبەتی کراون.

پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە: لە پێشەکی و پێنج بەش و ئەنجامو لیستی سەرچاوەکانو پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبیو ئینگلیزی پێکهاتووە: کە بەشی یەکەم ڕوونکردنەوەیەکی تیۆرییە لە بارەی (ڕیشەی مێژوویی دەقئاوێزانو جۆرەکانی دەقئاوێزان)ەوە، کە پشتبەستووە بە تیۆرییەکەی یۆلیا کریستیڤا. چوار بەشەکەی تریش پراکتیکین. بەشی دووەم: لەژێرناوی (دەقئاوێزانی خودیی لەنێوان ناونیشانەکاندا)یە، کە پراکتیکییە. بەشی سێیەم: بەناوی (دەقئاوێزانی خودیی بەهۆی دووبارەکردنەوەی هەمان وشەو دەستەواژەو ڕستەوە)یەو پێکهاتووە لە سێ پار، کە ئەمانەن : پاری یەکەم: دەقئاوێزان بەهۆی دووبارە بەکارهێنانەوەی هەمان وشەوە. پاری دووەم: دەقئاوێزان بەهۆی دووبارە بەکارهێناوەی هەمان دەستەواژەوە. پاری سێیەم: دەقئاوێزان بەهۆی دووبارە بەکارهێناوە هەمان ڕستەوە. بەشی چوارەم: بەناوی (دەقئاوێزانی خودیی بەهۆی دووبارەکردنەوەی هەمان بیرەوە)یەو بەشی پێنجەم: بەناوی (دەقئاوێزانی خودیی بەهۆی دووبارەکردنەوەی هەمان وێنەوە)یە. پاشان گرنگترین ئەو ئەنجامانەم خستۆتە ڕوو، کە لە لێکۆڵینەوەکەدا پێی گەیشتووم لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە: بنەڕەتی لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە دەقئاوێزانی خودی لەنێوان شیعرەکانی گۆراندا، بۆیە بۆ دیاریکردنی ڕایەڵی ئەو پەیوەندییانە، میتۆدی دەقئاوێزان بەپێی ئەو میکانیزمانەی کە بۆ ئەم یاسایە دیاریکراوە بەکارهاتووە، کە پشتبەستوون بەمیتۆدەکەی یۆلیا کریستیڤا کە بۆ دەقئاوێزان خستۆتییە ڕوو. هەروەها لەکوێدا بە پێویست زانرابێت، سوود لە میتۆدی وەسفی شیکاریی بینراوە.

**ڕوونکردنەوەیەکی پێویست:**

لەم چەشنە لێکۆڵینەوانەدا، دەقی پێشینەو دەقی دواتر هاتوو هەیە. هەمیشەش دەقی دواتر هاتوو بەپێی کات تازەترە لەدەقی پێشینە، کەواتە: دەقی پێشینە دەبێتە سەرچاوەو بنەوانی دەقی دواتر هاتوو. بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەندێ نموونە، کەوا پێشاندراون بوونەتەوە بە بنەوان بۆ دەقەکانی ترو دەقئاوێزانی خودی لەنێوانیاندا هەیە، ڕەنگە لەڕاستیدا لەڕووی مێژووییەوە دواتر نووسرابێتن. ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەموو شیعرەکان مێژووی نووسینیان لەسەر نییەو مێژووی نووسینیان دیارنییە. منیش لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەباشم زانی - ژمارەی لاپەڕە- بکەمە بنەما بۆ پێشو دوای شیعرەکان، کە کام شیعر لە دیوانەکەدا کەوتبێتە پێشەوە ئەوا کردوومەتە بنەوانی ئەوانی تر – واتە: ژمارەی لاپەڕەم کردووەتە بنەما لەبری مێژووو بەروار. کاری ئەم توێژینەوەیەش پراکتیکییانەیەو خستنەڕووی پەیوەندیی دەقئاوێزانییە لەنێوان شیعرەکانی گۆراندا، بۆیە گرنگ دەرخستنی پەیوەندییە دەقئاوێزانییەکەو جۆری پەیوەندییەکەیە- ناشکرێت نەزانینی مێژووی نووسینی شیعرەکان ببێتە لەمپەر لە بەردەم لێکۆڵینەوەکەدا. بێگومان ئەوەم بەباشترین چارەسەر زانیوە بۆ لێکۆڵینەوەکەو کار ئاسانییەکیش بوو، ئەو کارەش بەهیچ کلۆجێك لە ئەنجامە زانستییەکانی لێکۆڵینەوەکە ناگۆڕێت. مامۆستا (محمد ملا کریم) لە پێشەکی دیوانەکەی گۆراندا (سەرجەمی بەرهەمی گۆران) ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر چۆنیەتی ڕیزکردنی شیعرەکان داوەو دەڵێت: "ئێمە ... هاتووین (بەهەشتو یادگار)و (فرمێسکو هونەر)ەکەیمان، وەك چاپەکەی سەردەمی خۆی بڵاوکردووەتەوە... . ئەم کتێبەی ئێمە لە (١٣) کۆمەڵە پێك دێت کە (بەهەشتو یادگار)و (فرمێسكو هونەر)ەکەی کۆمەڵەی یەکەمو دووەمینی. مامۆستا گۆران، وەك خۆی لە داوێنی (بەهەشتو یادگار)ەکەیەوە نووسیویە، ویستوویە لە (زنجیرەی دیوانی تازە) دا دوو (هاوینە گەشت)و (فرمێسك و هونەر)و (سرووشتو دەروون)و (شیعر بۆ منالان)

بڵاوبکاتەوە، ئەوەبوو خۆی پاشان (دوو هاوینە گەشت)و (فرمێسك و هونەر)ەکەی خستە پاڵ یەکو پاشو پێشی پێکردن. ویستیشی (سرووشتو دەروون)ەکەی چاپ بکات، تەواوی نەکرد. ئێمەش هەر بە نیازی شوێن پێ هەڵگرتنی مامۆستا خۆی لەم دیوانەدا، وەك وتمان، (بەهەشتو یادگار)ەکەیمان کرد بە کۆمەڵەیەکو ، (فرمێسك و هونەر)و (دوو هاوینە گەشت)ەکەیشیمان پێکەوە کرد بە کۆمەڵەیەکی تر. ئەو شیعرانەیشی کە بە بۆچوونی خۆمان لەگەڵ بابەتی (سرووشتو دەروون) یەك ئەکەوتن، بەم ناوەوە کردمانن بە کۆمەڵەی سێهەم. کۆمەڵەیەکیشمان بۆ (شیعر بۆ منالان) دانا کە کۆمەڵەی دەهەمە. ... دیارە ئێمە لە جوێ کردنەوەی ئەم کۆمەڵانەدا ] لە (بەهەشتو یادگار)و (فرمێسكو هونەر) نەبێ [ ئەوەمان ڕەچاوکردووە هەر پارچە شیعرێك لە شوێنێکا دابنێین کە بۆی بگونجێ"( دیوانی گۆران-سەرجەمی بەرهەمی گۆران بەرگی یەکەم، محمدی مەلا کریم ، ١٩٨٠، ل ك، ل) . بەو پێیە نە گۆران خۆی مێژووی نووسینی هەموو شیعرەکانی نووسیوەو نە مامۆستا (محمدی مەلا کریم)یش مێژووەکانی ساغکردۆتەوەو مێژووی نووسینی شیعرەکانیش نەکراونەتە بنەما لە پاشو پێش دانانی شیعرەکان لە دیوانەکاندا. بۆیە زانینی مێژووی درووستی هەموو شیعرەکان بۆ من ئەستەم بوو، لەبەر ئەوە ڕیزبەندی ژمارەی لاپەڕەم بۆ لە پێشتر دانانی شیعرێك لەچاو شیعرێکی تردا کرد بەبنەما لەبری مێژوو لە توێژینەوەکەدا.

**<u>بەشی یەکەم</u>: ڕیشەی مێژوویی دەقئاوێزانو جۆرەکانی:**

**<u>ڕیشەی مێژوویی زاراوەی دەقئاوێزان</u>:**

زاراوەی دەقئاوێزان ‘وشەیەکی بەبنەچە لاتینییەو مانای "نێوان تێکستەکان - دەقئاوێزان"دەگرێتەوە‘(د. ئەنوەر قادر محمد، دەقئاوێزانی شیعری مەولانای ڕۆمی (١٢٠٧-١٢٧٣)و مەولەوی تاوگۆزی (١٨٠٦- ١٨٨٢)، ٢٠٠٦، ل ٨) و لە زاراوەی "intertext"ی فەرەنسییەوە وەرگیراوەکە."inter" واتای ئاڵو وێر دەگەیەنێ‌و، "text"یش ئاماژەیە بۆ دەق. "text"یش لە بنچینەدا لە زاراوەی "textus"ی لاتینییەوە وەرگیراوەو واتای چنین یا چنراو دەگەیەنێت(پ.ی. د. عبدالقادر حمه امین محمد و م. ی. ئاوارە فەرەیدون قادر، دەقئاوێزانی خودی لە شیعرەکانی (ئەنوەر قادر محمد)دا، ٢٠١٥، ل ٨٥) .

زاراوەی دەقئاوێزان لە زمانی فەرەنسیدا بەشێوەی "inter-textuel-ité"یە، چونکە سەرەتا لای نووسەرانی فەرەنسی وشەکە وەك زاراوە بەکارهاتووە؛ کە یولیا کریستیڤا لە ساڵی ١٩٦٦ بەکاریهێناوە (د. هەڵمەت بایز، دەقئاوێزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی بەختیار عەلی دا، ٢٠١٣، ل ٣٢) . لە ئینگلیزیشدا زاراوەی "intertextuality"بۆ بەکاردەهێنرێت.

دەقئاوێزان بەرهەمی توێژینەوە سیمۆتیکییەکان (Semiotiques/سیمیاییەکان) ە، چونکە بۆ یەکەمجار لە توێژینەوەکانی نێوان ساڵانی ١٩٦٦- ١٩٦٧ ی یولیا کریستیڤا لە گۆڤارەکانی ڕەخنە - Critique-و – Tel Quel- لەکاتی کارکردنیدا لە بواری دامەزراندنی تیۆری سیمیۆتیکییەتی دەقدا زارەوەکەی بەکارهێناوە(د. محمد عبدالرضا شیاع، الخلفیة النصیة الاسبانیة والشعر العربي المعاصر – بحث في التفاعل النصي، ٢٠١٣ ، ص ٤٥) . وەك ئەوەی یولیا کریستیڤا یەکەم کەسە ئەم زاراوەیەی باس کردبێت، پێناسەی کردووە بە: "کارتێکردنی دەق لەناو خودی خۆیدا"( پ.ی. د. عبدالقادر حمه امین محمد و م. ی. ئاوارە فەرەیدون قادر، دەقئاوێزانی خودی لە شیعرەکانی (ئەنوەر قادر محمد)دا، ٢٠١٥، ل ٨٥) ، یان "کارلێکی دەقییە لەنێو دەقدا"( هەمان سەرچاوە، ل ٨٧) . سەرچاوەی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەش لەلایەن کریستیڤاوە دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنەکەی باختین بۆ چەمکی گفتوگۆ (د. هەڵمەت بایز، دەقئاوێزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی بەختیار عەلی دا، ٢٠١٣، ل ٣٢) . وردتر دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی

زاراوەی دیالۆگیزم، لە کتێبی (فەلسەفەی زمان)دا (سامان جەلال عەزیز، دەقئاوێزانی شیعری گۆران لە شیعری (هەردی، دیلان، ع. ح. ب، کامەران)دا، ل ٢٤) ، لەکاتێکدا کە کتێبەکەی میخائیل باختینی پێشکەشکردووە، کە لەسەر دیستۆفسکی بوو( د. احمد طعمة حلبي،التناص بين النظرية والتطبيق،٢٠٠٧، ص١٤) .

زاراوەی دەقئاوێزان/ئینتەرتێکستواڵیتی (intertextuality) کە سەرچاوەکەی بۆ فەرەنسییەکە دەگەڕێتەوە، عەرەبەکان بەشێوەیەکی گشتی زاراوەی (التناص)یان بۆ بەکارهێناوە(پ.ی. د. عبدالقادر حمە امین محمد و م. ی. ئاوارە فەرەیدون قادر، دەقئاوێزانی خودی لە شیعرەکانی (ئەنوەر قادر محمد)دا، ل ٨٦). لە ئەدەبی فارسیدا زاراوەکانی (بینامتنیت/ بینامتنی/ متنیت مشترك/ میان متنی) بۆ بەکارهێنراوەو لەهەمووشیان بەربڵاوتر (بینا متنیت)ە (د. هەڵمەت بایز، دەقئاوێزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی بەختیار عەلی دا، ل ٣٢) . لە ئەدەبی کوردیشدا بۆ یەکەمجار (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی) وشەی دەقئاوێزانی وەك زاراوەیەك بۆ بەکارهێناوە، کە لە (دەقلێکئاڵان) بە پەسەندتری دادەنێت، لەکاتێکدا کە هەردوو زاراوەکە خۆی بۆ تیۆرییەکەی دانابوو(پ.ی. د. عبدالقادر حمە امین محمد و م. ی. ئاوارە فەرەیدون قادر، دەقئاوێزانی خودی لە شیعرەکانی (ئەنوەر قادر محمد)دا، ل ٨٦) . ئێستاش زاراوەی دەقئاوێزان بەتەواوی جێی خۆی گرتووەو بۆ تیۆرییە زانستیەکە بەکاردێت.

## جۆرەکانی دەقئاوێزان:

دەقئاوێزان بەو پەیوەندییە دەگوترێت، کە دەقێك لەگەڵ چەند دەقێکی ئەدەبی تردا هەیەتی. جا ڕەنگە ئەو پەیوەندییە زۆر ئاشکرابێتو بە ئاسانی هەستی پێبکرێتو بەسادەیی دەربکەوێت، یان لەوانەیە کەمێك تێڕامانی بوێت، تا دەگەیتەوە سەر ئەسڵەکەیو بیرت دەکەوێتەوە، جاری واش هەیە - لەوانەیە ئەوەندە ئاڵۆز بێت- پاش تێڕامانێکی زۆریش خوێنەری وردی بوێت تا هەستی پێبکات، یان تەنانەت لەوانەیە پێویستی بە لێکدانەوەو شرۆڤە کردنیش هەبێت – لەلایەن ڕەخنەگرێکەوە- تا بگەیەنرێنەوە بەیەك. ‘ئەمەش بەهۆی ئەوەی شێوازو جۆری پەیوەندی نێوان دەقەکان زۆرن، وەك پەیوەندی: لاوازو بەهێزو دۆستایەتیو دژایەتیو دیاری کردنو نەکردنو گشتیو تایبەتیو بەخواست یان پێداویستیو ... هتد‘ (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. ئەنوەر قادر محمد، دەقئاوێزانی شیعری مەولانای ڕۆمی (١٢٠٧-١٢٧٣)و مەولەوی تاوگۆزی، ل ١١- ١٤) . ئەمەش گرنگیو فراوانی تیۆرە زانستییەکە دەردەخات.

بەپێی ئەو سەرچاوانەی لە دەقە پاشتر هاتووەکاندا ڕایەڵی دەقئاوێزانییان هەیە، بەگشتی دەقئاوێزان بۆ سێ جۆر دابەشکراوە، کە ئەوانیش: (دەقئاوێزانی دەرەکی، دەقئاوێزانی قۆناغی، دەقئاوێزانی خودی)ن*.

<u>دەقئاوێزانی دەرەکی (التناص الخارجي)</u>: هەموو ئەو کەرەستەو واتایانەی نێو خودی دەق دەگرێتەوە، کە لە سەرچاوە دەرەکییەکانی وەك: (ئاینیو ئەدەبیو ئایدۆلۆژیو ئەفسانەییو میللیو مێژوویی و ... هتد) وەرگیراون، کە ئەم سەرچاوانە لە داڕشتنی پێکهاتەی ناوەکیو دەرەکی دەقدا سوودیان لێ بینراوە(احمد ناهم، التناص في الشعر الرواد، ٢٠٠٤، ص ٤٢) .

<u>دەقئاوێزانی قۆناغی (التناص المرحلي)</u>: ئەم جۆرەی دەقئاوێزان لە نێوان دوو نووسەر یان دوو هونەرمەندا ڕوو دەدات، کە قۆناغەکەیان نزیکی یەکتر بن، یان هاوسەردەمی یەکتر بن، ئەوەی ئەمانەش کۆدەکاتەوە ڕەنگە پەیوەندی نزیکایەتی بێت لە بوارەکانی چینی کۆمەڵایەتیو توێژ، ئایدۆلۆژی، دەستەو گرووپی ئەدەبیو هونەریی، یان

* چەند جۆرێکی تری دابەشکردنی دەقئاوێزانیش هەیە؛ بۆ نموونە بۆزانیاری زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوانە: شنۆ محەمەد مەحموود، دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بەنموونەی (پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت)، ل ٤٩-٥٣. هەروەها سامان جەلال عەزیز، دەقئاوێزانی شیعری گۆران لە شیعری (هەردی، دیلان، ع.ح.ب، کامەران)دا، ل ٤٤- ٥٤.

هـاوبۆچوونیو یـان شـێوازی بیرکردنـەوەو ... هتـد، بەرامبـەر بـە دیـاردەو ڕووداوەکـان(شـنۆ محەمـەد مەحموود،دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بە نموونەی(پیرەمێرد،گۆران، لەتیف هەڵمەت)، ٢٠١١، ل٥١) .

دەقئاوێزانی خـودی (التناص الذاتي): هـەموو ئـەو ڕایەڵـە هاوبەشانە دەگرێتـەوە، کـە لـە ئاستی بونیـادی دەقو دەستەواژەو بیرۆکەی چەند دەقێکی نووسەردا بەرجەستە دەبێت، واتە هەموو ئەو بارو لایەنـە لێکچووانـەی لەچەند دەقێکی نووسـەرێکدا هـەن بـە دەقئاوێزانی خـودی دادەنرێت(د. هەڵمـەت بـایز، دەقئاوێزان لـە ڕۆمـانی (دواهـەمین هەناری دونیا)ی بەختیار عەلی دا، ٢٠١٣، ل ١١٩) . کە هەردوو بونیادی نـاوەوەو دەرەوەی دەقیش دەگرێتـەوە، هـەر لـە بیرۆکەو وشەو دەستەواژەو ڕستەو تێکڕای دەقەکەوە، هـەتا شـێوازی زمـانیو فـۆرمی گشـتیو تایبـەتی دەقـەکانو کێشو سەرواى شیعرییو ئاوازی شیعرییو ... هتدیش دەگرێتەوە. واتە: هەموو ئەو لایەنانـەی دەق بەرهـەم دەهێـنن، تەنانەت شێوازی تایبەتمەندی دانانی خاڵبەندیو ناونیشانو... هتدیش دەگرێتەوە. دەشێت ئەم جۆرانـەی دەقئـاوێزان لە خودی تاکە دەقێکیشدا گشتیان بوونیان هەبێت. کە ئەم جۆرانەی دەقئاوێزان بەپێی چەند یاسایەکی دەقئـاوێزانی بنیاتدەنرێن بەپێی شێوازو ئاستی دەقئاوێزانکردنەکە. یاساکانی دەقئاوێزانیش ئەمانەن:

**یاساکانی دەقئاوێزان:**

دەقئاوێزان - کردەیەکی ئەدەبییە- بەپێی یەکێك لەم یاسایانە بنیاتدەنرێت:

١- یاسـای جووینـەوە/ دووبارەکردنـەوە (قـانون الاجتـرار): ئـەم یاسـایە ئـەو دەقانـە دەگرێتـەوە، کـە "دووبارەکردنەوەی دەقـی ئائامادەیـە بـەبێ دیـالۆگکردنو گۆڕانکـاری یـان هەنـدێ گـۆڕانی کـەم، بـەبێ ئـەوەی لەگـەڵ بابەتەکە بەریەککەوتنی هەبێت بـەهۆی بـەپیرۆز سـەیرکردنو ڕێزگرتنـی هەنـدێ لـە دەقو سـەرچاوەکان وەك ئـاینیو ئەفسانەیی، کە دەقە نوێکە وەك دەقێکی دووبـارە دەردەکـەوێتو دەبێتـە پاشـکۆو دیلـی دەقـەکانی پێشـوو، خوێنـەر ڕاستەوخۆ هەست بـە دەقـە نـا ئامادەکـە دەکـاتو هەسـت بـە گۆڕانکارییـەکی ئـەوتۆ ناکـات. یـاخود شـێوەیەکە لـە شـێوەکانی کشـاندن لـە دەقئاوێزانـدا کـە جیـاوازی لەسـەر ئاسـتی دەنـگو وشـەو داڕشـتندایەو ئاشکرادەبێت لـە کەڵەکەبوون یان جیاوازیدا لە دووبارەکردنەوەدا. دەقی نائامادە نموونەیەکی وەستاوەو سوودی لێ نابینرێت تەنها لـە هەنـدێ لایـەنی شـێوەی دەرەوەدا نـەبێت"( پ.ی. د. عبـدالقادر حمـە امـین محمـد و م. ی. ئـاوارە فەرەیـدون قـادر، دەقئاوێزانی خودی لە شیعرەکانی (ئەنوەر قادر محمد)دا، ل ٩٨- ٩٩) .

٢- یاسـای هـەڵمژین (قـانون الامتصـاص): ئەمـە هەڵشـێلانی نـاوەڕۆکی دەقـی پێشـترە، یـان کرۆکەکـەی یـا بیرۆکەکەیـەتیو سـەرلەنوێ داڕشتنەوەیەتی لـەدوای هـەڵمژینو هەڵلووشـینی بـە بـێ ئـەوەی لـە دەقـە نوێیەکـەدا ئامادەییەکی واژەیی ڕوونو ئاشکرا هەبێت، یان ناوهێنانێکی ڕاستەوخۆی دەقە پێشینەکە، وەکو: ئایا مار جگە لە مار چی دەبێت؟ ئەمە هەڵمژراوی بیری ئەم وتەیەیە: پشیلەی کوێر هـەر پشیلەی کوێری دەبێت(د. احمد طعمة حلبي، التناص بين النظرية والتطبيق، ص١٩١، ١٩٤) .

٣- یاسای گفتوگۆ (قانون الحوار): گفتوگۆ باڵاترین قۆناغی خوێندنەوەی دەقی نائامادەیە، کە بـوار بـۆ بـە پیـرۆز سەیرکردنی دەقی نائامادە ناهێڵێتەوە. شـاعیر یـان نووسـەر تـەنیا لـە دەقەکـە ڕانامێنێت، بـەڵکو بنـەما پیرۆزییەکـەی دەگۆڕێتو بە شێوەی دیالۆگ گۆڕانکاری لە دەقە نا ئامادەکەدا دەکـاتو دەیگۆڕێـتو بەمەبەسـت هەڵیدەگێڕێتـەوە لـە پێنـاوی داهێنـانو کرانـەوە بـەڕووی فـەزای دەقێکـی نوێـدا، بنـەما چەقبەسـتووو بـەها ئـاینیو نەریتییـە کۆمەڵایەتییەکانیشی تێك دەشکێنێت، کـە ئـەم جۆرەیـان باشـترینو بـاڵاترین ئاسـتەکانی مامەڵەیـە لەگـەڵ دەقـی نـا

ئامادەدا(پ.ی. د. عبدالقادر حمه امین محمد و م. ی. ئاوارە فەرەیدون قادر، دەقئاوێزانی خودی لە شیعرەکانی (ئەنوەر قادر محمد)دا، ل ٩٩).

دەقئاوێزان بەهەر یاسایەك ئەنجامبدرێت بەپێی یەکێك لە میکانیزمەکان دەبێت، کە بریتین لە: ١- کورتکردنەوە (الایجاز)و ٢- درێژکردنەوە (التمطیط). هەریەکێك لەم دوو میکانیزمەش دابەش دەبن بۆ چەند جۆرێکی تر: درێژکردنەوە دابەشدەبێت بۆ: (دووبارەکردنەوە، تۆپۆگرافی- التصحیفیة الکتابیة-، ڕاڤەکردن -الشرح-، هاوسێیەتی- المجاورة-، پاراگرام، ئەناگرام-فراوانکردنی دەق-)و هەروەها کورتکردنەوەش ئەم میکانیزمانە دەگرێتەوە: (ئاماژە - التلمیح-، لابردن -الحذف-، کورتکردنەوە-التلخیص-، وەرگرتن -الاقتباس-، تێهەڵکێش -التضمین-، وەرگێڕان -الترجمة-). لە دەقئاوێزانی خودیدا هەر سێ یاساکەی (دووبارەکردنەوەو هەڵمژینو گفتوگۆ) چالاکن، بەڵام لە میکانیزمەکانی دەقئاوێزاندا لە درێژکردنەوەو کورتکردنەوەشدا تەنیا ئەم جۆرانە: (کورتکردنەوە، تێهەڵکێش، وەرگرتن، ئەناگرام، پاراگرام، ئاماژە، ڕاڤەکردن، هاوسێیەتی، دووبارەکردنەوە، وەرگێڕان) کاری پێدەکرێت.

ئامرازەکان (میکانیزمەکان)ی درێژکردنەوە:

١- ئەناگرام (الجناس بالقلب أو بالتصحیف): ئەمە جۆرێکە لە یاریکردن بە دەنگ لەسەر ئاستی وشە یان چەند وشەیەك بە دووبارە ڕیزکردنەوەی دەنگەکانیان. ئامرازی ئەناگرام کار لەسەر گونجاندنو تەواوکردنی دەقەکە دەکات لەچوارچێوەی بینای گشتی کە بەشداری لە زیادکردنی دەقدا دەکات لەناوەوەی دەقەکەدا واتە: کار لەسەر دووبارە هەڵگێڕانەوەی دۆخی وشە هەڵبژێرراوەکان دەکات بەشێوەیەکی جیاواز بۆ خاتری بەرهەمهێنانی واتایەك. ئەمەش لەسەر ئاستی ڕەگی وشە یان وشەکان لە دەقدا ڕوودەداتو گەردانکردنی وشەکان دەچێتە نێو ئەم ئامرازەوە، وەکو: وتی، دەڵێت، دەڵێین، بڵێ، ... هتد(احمد ناهم، التناص في الشعر الرواد، ص ٧٢) .

٢- پاراگرام (القلب المكاني): ئەمە دەلالەتێکی بچووك گەورە دەکاتو درێژە پێدەدات لەڕێی گێڕانەوەو وەسفو گفتوگۆ یان بەسپی هێشتنەوە، کە زیادە دەخاتە سەر دەقەکە لە ڕووی دەلالەتەوە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە فەزای دەقەکە فراوان دەکات لەڕووی پانتایی نوسینەوە(هەمان سەرچاوە، ل ٧٦) ، وەك: شیعری (بەری بەیانە، ل ٤٠٢)ی گۆران.

| | |
|---|---|
| بەری بەیانە، ڕووناکە ئاسۆ: | ئاسۆی هیوای کورد، مژدەبێ لە تۆ ! |
| دەنگی بانگ هەڵسا لە مزگەوتی دێ، | باڵدار هێلانەی خەو بەجێ دێڵێ، |

.

بەری بەیانە، ڕووناکە ئاسۆ: ئاسۆی هیوای کورد، مژدەبێ لە تۆ ! (شنۆ محەمەد مەحموود،دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بە نموونەی(پیرەمێرد،گۆران، لەتیف هەڵمەت)، ل٦٣)

٣- دووبارەکردنەوە (التکرار): ئەم میکانیزمە لەسەر ئاستی دەنگو وشەو داڕشتنی کەڵەکە بوو، کە دووبارەکردنەوەی داڕشتنی زمانەوانیش تێدەپەڕێنێت، کە دووبارەکردنەوەی واتای هاوشێوەی دەگرێتەوە بەشێوەی داڕشتنی جیاواز(احمد ناهم، التناص فی الشعر الرواد، ص ٨٠)، وەك: لەشیعری: (ئافرەتو جوانی، ل٩- ١٠)ی گۆراندا:

کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی
ئاڵە وەك کوڵمی؟ گۆی مەمکی؟ لێوی؟
کام ڕەشی ئەگا بە ڕەشیی چاوی؟
برژانگی؟ برۆی؟ ئەگریجەی خاوی؟... هتد.

كە چەند جارێك وشەی (كام) دووبارە بۆتەوە(شنۆ محەمەد مەحموود،دەقئاوێزان لە شیعری نوێی كوردیدا بە نموونەی(پیرەمێرد،گۆران، لەتیف هەڵمەت)، ل٥٨) . ئەم جۆرە دووبارەكردنەوەیە لەدەقی شیعری نوێدا بەربڵاوە، كە یارمەتی پێكەوە گونجاندنی بەشەكانی دەق لە ڕووی ئاوازەیی‌و دەلالیشەوە دەدات(احمد ناهم، التناص فی الشعر الرواد، ص ٨٠) .

٤- تۆپۆگرافی (التصحیفیة (الكتابیة)): ئەم میكانیزمە ئەنجام دەدرێت، بەهۆی سوود وەرگرتن لە بۆشایی لاپەڕەكان بەهۆی بە سپێتی هێشتنەوەی لەڕێی هێڵ‌و هێڵكارییەوە ... وەك بۆشایی جێهێشتن لەنێوان وشەكان، یان شێوەی شیعرەكە لەسەر پەڕە(هەمان سەرچاوە ، ل ٨٣)؛ وەك لە شیعری:

مەرەكەب
ب مە م
ە رە ە
ك كە ر
ە ب ە
ر ك
ە ە
م ب
گەر بمەوێ
باسی خۆری پرچت بكەم
دەبێ هەرچی ڕووبار هەیە
هەمووی بكەم بە مەرەكەب (شنۆ محەمەد مەحموود،دەقئاوێزان لە شیعری نوێی كوردیدا بە نموونەی(پیرەمێرد،گۆران، لەتیف هەڵمەت)، ل٦٠)

٥- ڕاڤە كردن (الشرح): وەكو ئەو ڕاڤەكردنەی كە لەڕێی پەراوێزەوە دەكرێت بە ئامانجی ڕوونكردنەوەی دەلالەتێكی ناڕوون. یان ناساندنی ڕەمزێك ... هتد. هەروەها وەك ئەو ڕاڤەیەی لە نێوان ناونیشانی سەرەكی‌و دەقدا دەكرێت، كە ئەبێتە میكانیزمێكی درێژكردنەوە(احمد ناهم، التناص فی الشعر الرواد، ص ٨٨). وەكو لە شیعری (ئیلهامی هاوار) ی گۆراندا:

ئیلهامی ((هاوار))
((بۆ مەفكوورەی بەدر خانی یەكان))
دەروێشێكم دی لەسەر دەخمەی شا - شای صەلاحەددین- بەكوڵ ئەگریا؛... هتد(دیوانی گۆران- سەرجەمی بەرهەمی گۆران بەرگی یەكەم، محمدی ملا كریم، ل ١٨٧-١٨٨).

٦- هاوسێیەتی (المجاورة): بنیاتی هاوسێیەتی بەهۆی میكانیزمی وێنەی شیعرییەوە دێتە دی، كە شاعیر مانایەكی تری مەبەستە لە پشتی ئەم ڕستە یان دەقە شیعرییەوە، واتە: هەبوونی واتایەكی هاوسێ (تەریب)، كە ئەمەیان مەبەستە لەم ڕستە شیعرییەدا، یان لەكۆی دەقەكەداو پێشی دەگوترێت: واتای واتای دەق. یان چوونە لە واتای ڕووكەشی دەقەوە بۆ واتای ناوەكی (نادیار). كە بە فەزڵی خوێنەر/ وەرگری نموونەیی لەڕێی تێڕامانەوە بەرهەم دەهێنرێت، كە خوێندنەوەی ڕووكەش‌و قووڵ پێكەوە گرێ دەدات. ... هەركاتێك شاعیر پەنا بۆ ئەم شێوازە

(هاوسێیەتی)یە دەبات ... ناچار بە درێژکردنەوەی دەقەکەی دەبێت، چونکە پەنای بۆ ڕێبازێکی قورسی دەربڕین بردووە، بە ئامانجی تاکێتیو تایبەتمەندبوون، وەك: (عيناك غابتا نخيل ساعة السحر أو شرفتان راح ينأى عنهما القمر)، کە ئەم بەیتە درێژکراوەی واتای (عيناك جميلتان)( احمد ناهم، التناص فى الشعر الرواد، ص ٨٩-٩٠) / چاوەکانت جوانن- ن.

ئامرازەکانی کورتکردنەوەش ئەمانەن:

٧- ئاماژە (التلميح): ئاماژەیە بۆ ڕووداو یان ناوێك، یان چیرۆکێکی بەناوبانگ، بەبێ ڕاڤە کردنی ئەو ناوە لەناو دەقەکەدا یان لە پەراوێزدا، کە سەربەستی دەدات بە خوێنەر بەوەبیر هاتنەوەی ئەو ناوە یان ئەو چیرۆکە، کە ئەمەش خوێنەری بەئاگای دەوێت(هەمان سەرچاوە، ل ٩٠) .

٨- لابردن (الحذف): لابردن میکانیزمێکی چڕکردنەوەیە، کە شاعیر پەنای بۆ دەبات، بە مەبەستی ڕەوانبێژیو چەند ئاماژەیەکیش بۆ ئەو لابردن (حذف)ە هەن، وەکو: بە سپی جێهێشتنو خاڵ دانان، کە لەسەر خوێنەرە ئەو سپێتییە پڕبکاتەوە، تا پێویستیی ماناکە تەواو بکات- یان مانای شیاو – (هەمان سەرچاوە، ل ٩٦). وەك لەم پارچەیەی (گەشت لە هەورامان ل ١٢٩)ی گۆراندا:

- مەرحەبا سەرچاو، بەچکەی کاکۆڵ قیت      سمۆرەی سەر دار، ڕۆڵەی زرنگو زیت ! ...

... ... ... ... ...

ئەڕۆی، هەر ئەڕۆی ... تەلانەوتەلان،

ئەمجا ئەگەیتە پێچی بەرماڵان ... (شنۆ محەمەد مەحموود، دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بە نموونەی(پیرەمێرد،گۆران، لەتیف هەڵمەت)، ل٦٧).

٩- کورتکردنەوە (التلخيص): کورتکردنەوە - پێچەوانەی پاراگرامە- کە لەسەرەتای دەقەکەوە درێژە بە بیرۆکەیەك، یان گوتەیەك دەدات، هەتا ئەبێت بە کۆپلەیەك، یان دەقێکی تەواو لە ڕستەیەکدا یان زیاتر. واتە: هەموو بیرۆکەی شیعرەکە یان کۆپلەکە دواجار لە دێڕێك یان زیاتردا پوخت دەکاتەوە( احمد ناهم، التناص في الشعر الرواد، ص ٩٨) .

وەك لە شیعری (بۆ هیوای کورم ل ٢٠٣)ی گۆراندا، شاعیر لە دوای کۆمەڵێ پرسیارو تێڕوانینو دیالۆگ دەڵێت:

بەخۆڕایی مەترسە خەم مەخۆ لە ئێستاوە !   بەچی مەعلوم کەچی لەو تەختی ناوچەوانەت نووسراوە ؟...(شنۆ محەمەد مەحموود، دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بە نموونەی(پیرەمێرد،گۆران، لەتیف هەڵمەت)، ل٦٨)

١٠- وەرگرتن (الاقتباس): وا سەیری وەرگرتن دەکرێت، کە خۆی جۆرێکی دەقئاوێزان بێت، کە بەهرە لە کەلەپوورەوە وەردەگرێتو لێی هەڵدەمژێتو کارلێکی لەگەڵا دەکات، واتە: تیۆری دووبارەکردنەوە، کە (دریدا) ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە سنوور لە نێوان دەقو دەقێکی تردا هەبێت، لەسەر بنەمای وەرگرتنە ئەوسا دەقئاوێزان. هەموو وشەیەك لە دەقی ئەدەبیدا - لە بوونیدا- بنچینەی هەیە لە دەقێکدا، وەك ئەوەی لەتوانایدایە بگوێزرێتەوە بۆ دەقێکی تر، کە مێژووە کۆنەکەیی- کە بەدەستی هێناوە- لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. وەرگرتن میکانیزمێکی کورتکردنەوەیە، کە لە ڕێیەوە دەقی دینی ناودار دەهێنرێتەوە بەرباس بەتەواوی لەلایەن وەرگرەوە، کە بەشێکی دەخوێنێتەوەو هەمووی بەبیر دێتەوە، چونکە ناسراوەو بەهیچ کلۆجێك پێویست بە ناوهێنانی هەمووی ناکات لە دەقەکەدا(احمد ناهم، التناص فى الشعر الرواد، ص ٩٩- ١٠٠) .

١١- تێهەڵکێش (التضمين): وەك ئەوەی زانراوە –تێهەڵکێش- هێنانەوەو وتنەوەی بەیتێك، یان چەند دێڕێکی شیعرییە. جا هەتا ببێتە کارێکی ڕەوا بۆ شاعیرەکە پێویستە ئاماژە بەو تێهەڵکێشکراوە بدات بە دانانی هێماکانی

تێهەڵکێش و وەرگرتن. یان لە پەراوێزدا ئاماژە بدات بە سەرچاوەی وەرگیراوەکە، کە لە شیعرەکەیدا تێهەڵکێشی لەگەڵکردووە... ئەمەش بەشێوازە نوێکە پێی دەگوترێت: دەقئاوێزان(هەمان سەرچاوە ، ل ١٠١) .

١٢- وەرگێڕان (الترجمة): لێرەدا وەرگێڕان بە واتا گشتییەکەی نایەت، بەڵکو وەرگێڕانی چەند بەیتێکی تایبەتییە لە دەقێکدا، کە لە دەقە نوێکەیدا -شاعیر- بەکاری دەهێنێتەوە. یان وەرگێڕانی تەواوی دەقێك لەگەڵ ناوهێنانی نووسەرەکەی کە بەم پێیە دەبێت بە یەکێك لە هۆکانی میکانزمەکانی کورتکردنەوە (الایجاز)( هەمان سەرچاوە ، ل ١٠٣) .

گۆران دەقئاوێزانی خودیی بە چەند شێوازێکی جیاواز لەگەڵ شیعرە لە پێشینەکانی خۆیدا کردووە، واتە: لە بەکارهێنانەوەی بیرو وێنەو وشەو دەستەواژەو ڕستەی شیعریو.. هتد. کە لەم توێژینەوەیەدا بۆ کاری توێژینەوەکەو کار ئاسانی خستنە ڕووی کارەکییانەی توێژینەوەکە بەو شێوەیە پۆلێنمان کردوون:

**بەشی دووەم: دەقئاوێزانی خودیی لەنێوان ناونیشانەکاندا:**

جگە لە ناوەرۆکی دەقەکان، کە پێکهاتووە لە وشەو زاراوەو ڕستەو واتاکانیان، ناونیشانی دەق لەبواری دەقئاوێزاندا بە دەقێکی پوختو سەربەخۆ دادەنرێت، بۆیە ئەو ناونیشانانەی کە گۆران بۆ شیعرەکانی داناون بەدەرنین لەوەی هەندێکیان بووبێتنەوە بە بنەوان بۆناونیشانی دەقی دواتر هاتوو، واتە: گۆران خۆی سوودی لە ناونیشانی دەقەکانی پێشتری بینیوەتەوە. بەو پێیەش جۆرێکی دەقئاوێزانی خودی بنیاتناوە، کە ئەویش دەقئاوێزانکردنە لە ناونیشاندا، جا چ لەڕووی هاوواتاییەوە بێت، یان لەڕووی دووبارە بەکارهێنانەوەی هەمان فۆرم، یان شێوازی داڕشتنی ناونانی دەقەکانو ... هتد بێت.

ناونیشان بەشێکی سەرەکییە لە جۆرەکانی دەقئاوێزان بەپێی ئەو تیۆرییەی کە جێرارد جینێت بۆ دەقئاوێزان پێشکەشیکردووە، کە دەکەوێتە ناو جۆری دووەم لە جۆرەکانی دەقئاوێزان لای ج. جینێت، کە ئەویش پێداویستییەکانی دەق (par at ext ual i t y/مناص)ە بەپێی ئەم جۆرە، کە لە کتێبی ئاستانە (Seui l s) دا باسیکردووە: ناونیشان ئەو دەقەیە، کە تەریبە بە دەقە ئەسڵییەکە، هەروەها پێداویستییەکانی دەقیش بەگشتی دەقە. پێداویستییەکانی دەق: هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە لە دەوری دەقن. یان ئەو پەیوەندییەیە، کە دەقی ئەدەبی هەیەتی بە هەموو ئەوەی لە دەورێتی، وەکو: ناونیشان ، پێشەکی، ... ، ناونیشانی لاوەکی، وتەی بڵاوکەرەوە، ... نێوان ناونیشان، لەگەڵ ئەو وشانەشدا، کە دەربارەی سەرجەم تێکستەکە دەگوترێت، تێبینی پەراوێزو ... هەموو ئەو شتانەشی کە ناوەندی جۆراو جۆر بۆ دەق درووستدەکات(سامان جەلال عەزیز، دەقئاوێزانی شیعری گۆران لە شیعری (هەردی، دیلان، ع. ح. ب، کامەران)دا، ل ٤٦-٤٧) . ناونیشان دالانێکە، ڕێگە بە هەموومان دەدات لێیەوە بچینە ژوورەوەو لێشیەوە بێینە دەرەوە(هەمان سەرچاوە، ل ٤٨) .

بەپێی ئەو گەڕانەی بەناو ناونیشانی شیعرەکانی گۆراندا لە دیوانەکەی – سەرجەم بەرهەمی گۆران- دا کردوومە، ئەم ناونیشانانە بوونەتە جێی سەرنجم، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لێك نزیکیان هەیەو یەکێکیان بووەتەوە بە بنەوانی ناونیشانە دواتر هاتووەکە، کە بەو پێیەش ناونیشانی دەقی دواتر هاتوو دەقئاوێزانی خودییە لەگەڵ ناونیشانی پێشینەدا، وەك ئەوەی لەم خشتانەدا خستوومەتە ڕوو:

١-  دوو ناونیشانی لێکچوو:

| | ناونیشانی پێشین (بنەوان) | ناونیشانی دواتر هاتوو |
|---|---|---|
| ١ | هەڵبەستی ڕەنجاو ل ٣٧ | هەڵبەستی پەشیمان ل ٣٩ |
| ٢ | جوانی لەلادێ ل ٣٢ | جوانی بێ ناو ل ٤٥ |
| ٣ | گەشت لە هەورامان ل ١٢٧ | گەشت لە قەرەداغ ل ١٣٥ |
| ٤ | لە سەرەمەرگی هیوادا ل ٩٣ | بۆ هیوای کوڕم ل |
| ٥ | یادی (بێ کەس) ل ٣٣٩ | هاوڕێم بێ کەس ! ل ٨٣ |
| ٦ | حوزنی پەچە ل ١٩ | لە درزی پەچەوە ل ٣٤ |
| ٧ | زیندانی ئەژدەهاك ٢٦٨ | ئەنجامی ئەژدەهاك ل ٣٥٢ |
| ٨ | ئەنجامی یاران ل ٣٤٧ | ئەنجامی ئەژدەهاك ل ٣٥٢ |
| ٩ | لەزیندانا چواردەی تەمووز ل ٢٨٠ | چواردەی تەمووز ل ٤١٤ |
| ١٠ | لەبەندیخانە.. ل ٢١٤ | لە زیندانا چواردەی تەمووز ل٢٨٠ |

لە ژمارە (١) تا (٩) بەشێکی ناونیشانەکە - وشەو دەستەواژەکان- ی پێشینە بوون بە بنەوان بۆ ناونیشانی دواتر، واتە: گۆران دەقئاوێزانی خودی لەگەڵ بەشێکی ناونیشانی پێشینەدا کردووە بە هەمان واتاو فۆرمەوە، بەوەش لە (١) تا (٩) بەپێی یاسای جووینەوە ئەو دەقئاوێزانانە بنیاتتراون بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە. بەڵام لە ناونیشانی ژمارە دەیەمدا (لەبەندیخانە) بووەتە بنەوانە بۆ (لەزیندانا) بەوەش زیندان دەقئاوێزانی خودییە لە واتادا، کە گۆران واتاکەیی وەرگرتۆتەوە بە فۆرمێکی هاو واتای دەقئاوێزانی خودی لەگەڵدا ئەنجامداوە، کە بەپێی یاسای هەڵمژین ئەم دەقئاوێزانە بنیاتتراوە، چونکە گۆڕانکاری لە فۆرمدا کردووە، تەنیا واتاکەیی دووبارەکردۆتەوە، بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە.

٢-  سێ ناونیشانی لێکچوو:

| | ناونیشانی پێشین (بنەوان) | یەکەم ناونیشانی دواتر هاتوو | دووەم ناونیشانی دواتر هاتوو |
|---|---|---|---|
| ١ | پایز ل ١٦٣ | هەوری پایز ل ١٦٥ | سەوزەگیای پایز ل ١٦٧ |
| ٢ | دیمەنێکی بەهار ل ١٦٩ | شەوێکی بەهار ل ١٧١ | بەهاری پاش باران ل ١٧٨ |

لە نێوان ئەم ناونیشانانەدا ناونیشانی پێشینە بووە بە بنەوان بۆ ناونیشانی دواتر هاتوو، بەوەش گۆران لەو دوو نموونەیەدا هەر ناونیشانێك بەجیا دووجار دەقئاوێزانی لەگەڵدا کراوە. کەواتە: دەقئاوێزانی خودیی لەنێوان ناونیشانەکاندا بنیاتتراوەو جۆری دەقئاوێزانەکانیش کەوتوونەتە بەر یاسای جوینەوە بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە.

٣-  چوار ناونیشانی لێکچوو:

گۆران تەنیا لە یەك نموونەدا دەقئاوێزانی خودی لەنێوان چوار ناونیشاندا لە چوار دەقی جیاوازدا بنیاتناوە، کە لە نیوان ئەم شیعرانەدایە:

| ناونیشانی پێشین (بنەوان) | یەکەم ناونیشانی دواتر هاتوو | دووەم ن. دواتر هاتوو | سێیەم ن. دواتر هاتوو |
|---|---|---|---|
| جەژنی نەورۆز ل١٩٣ | نەورۆز ل ٣٠٩ | نەورۆزی ٦١ ل ٣١٧ | نەورۆزئەکەم ل٤٠٥ |

گۆران دەقئاوێزانی خودی لە نێوان ئەم ناونیشانانەدا پێکهێناوە، کە ناونیشانی پێشتر بووە بە بنەوان بۆ ناونیشانە دواتر هاتووەکان بەهۆی بەکارهێنانەوەی وشەی (نەورۆز)ەوە لە ناونیشانەکاندا، کە دەقئاوێزانەکانیش بەپێی یاسای جوینەوە بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە بنیاتنراون. هەرچەندە لە ناونیشانەکاندا (جەژنی نەورۆز/ نەورۆز) بابەتی شیعرەکە مۆرکی گشتێتی پێوە دیارە لە واتاکەیدا، بەڵام لە (نەورۆزی ٦١) بۆ بۆنەیەکو مێژوویەکی تایبەتی هۆنراوەتەوە، کە نەورۆزی ساڵی (٦١)ە. کەچی ناونیشانی (نەورۆزئەکەم) بەتەواوی بەپێی واتاکەی مۆرکی خودێتی پێوە دیارە، کە باس لە خۆی دەکات، کە نەورۆز دەکات، با کەسانی تریش نەورۆز بکەن، ئەمە لەسەر زاری خۆیەوە دەڵێت: (نەورۆزئەکەم)، واتە: خودی خۆی.

لە دوای خستنە ڕووی ئەو خشتانەو لێکدانەوەی ناونیشانەکان بەپێی دەقئاوێزانی خودی لە ناونیشاندا، بۆمان دەردەکەوێت: گۆران دەقئاوێزانی خودی تەنانەت لە نێوان ناونیشانی شیعرەکانیشیدا کردووە. نەك تەنیا دوو دوو لەنێوان دوو ناونیشانی بیست شیعردا، تەنانەت لەنێوان شەش ناونیشانی شەش شیعریشدا، کە سێ سێ دەقئاوێزانی خودی لەنێوانیاندا هەیە، هەروەها یەکجاریش لە نێوان چوار ناونیشاندا دەقئاوێزانی خودی بنیاتناوە. دەقئاوێزانەکانیش بەپێی یاسای جوینەوە بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە بنیاتنراون. تەنیا لە نێوان ناونیشانەکانی (لەبەندیخانە) و (لەزیندانا) نەبێت، کە دەقئاوێزانە خودییەکە لە واتادایەو واتاکەیی وەرگرتۆتەوەو بە فۆرمێکی هاو واتای دەقئاوێزانی خودی لەگەڵدا ئەنجامداوە بەپێی یاسای هەڵمژین بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە.

<u>**بەشی سێیەم**</u>: دەقئاوێزانی خودیی بەهۆی دووبارەکردنەوەی هەمان وشەو دەستەواژەو ڕستەوە:

لەم تەوەرەدا ئەو کۆپلەو دێڕە شیعرانەم خستۆتە ڕوو، کە دەقئاوێزانەکەی نێوانیان بەڕادەیەك ڕوونە، بە ئاسانی هەست بە سوود لێوەرگرتنەوە دەکرێت، لە ئاستەکانی وشە، یان فرێز، یان ڕستەدا:

<u>**بەشی سێیەم: پاری یەکەم**</u>: دەقئاوێزان بەهۆی دووبارە بەکارهێناوەی هەمان وشەوە:

- گۆران گوتوویەتی:

هاواری ئەکرد، <u>ئەیلاوانەوە</u> ،
دڵی <u>ئینسانی</u> ئەتاوانەوە ! .. ئیلهامی ((هاوار)) – بۆ مەفکوورەی بەدرخانی یەکان- ل ١٨٧

پاشان گوتوویەتی:

کەوتبوو بەبێ شیر، <u>بێ لاوانەوە</u> ،
ناو جەرگی <u>ئینسانی</u> ئەچووزانەوە ! ... ڕۆڵەی بێ دایك ل١٩٨

بەکارهێنانەوەی وشەکانی (لاوانەوە، ئینسانی) لە هەردوو دێڕەکەدا بۆ خۆی دەقئاوێزانکردنە، کە هەر جارەو بۆ مەبەستێکی جیاوازیش بەکارهاتوون. لە یەکەمیاندا بە یادی بەدرخانییەکان لاوانەوە دەکاتو لە دووەمیاندا خەریکی لاوانەوەیە بۆ ساوایەك، کە لای مەیتی دایکیا کەوتووەو ئەکرۆزێتەوە، دەقئاوێزانەکەش بەپێی یاسای گفتوگۆ بە میکانیزمی ئەناگرام کراوە.

- هەروەها لە شیعری (مۆسکۆی جوان ل ٣٠٣) دا دەڵێت:

ئەی مۆسکۆی جوانی، گەورە کچی ئۆکتۆبەر !
حەوت <u>ئەستێرەی</u> یاقووت کە داوتن لەسەر ،
لەناو زیوی تەما <u>گەش</u> ئەجریوێنن ،
هەزار زوهرەی <u>ئاسمانی</u> شین ئەهێنن ! مۆسکۆی جوان ل ٣٠٣

وشەکانی: (ئەستێرەی، گەش، ئاسمانی) جارێکی گۆران بۆ بۆنەیەکی تر سوودی لێبینیونەتەوە، بۆ گوزارشتکردن لە بۆنەیەکی تر لە شیعری: ( ئاوابوونێك/ ئابی ١٩٦٠ ل ٣٣٧- ٣٣٨):

با تێر بنوێ ئەو ئەستێرەی کە بە شەو ،
بە شەوی کورد.. نەچوە چاوی یەك تك خەو !                ل ٣٣٧
بەڵام ئێمەی گیرۆدەی ئەستێرەی گەش ،
تا ئەو ڕۆژەی گڵ ئەمانخاتە باوەش ،
چاوی تاسەی بە شوێنا هەر ئەگێڕین ،
لە ئاسمانا ، چونکە جێی چۆڵ ئەبینین !..              ئاوابوونێك/ ئابی ١٩٦٠ ل ٣٣٧-٣٣٨

ئەو وشانەش بۆ پێکهێنانی وێنەی جیاواز (بیری جیاواز) بەکارهێنراونەتەوە (ئەستێرەی گەش لە ئاسماندا) لەوێنەی یەکەمدا لە شەودا لەناو تەمدا ئەجروێنن، لە وێنەی دووەمیاندا لە (شەوی کورد)دا کە باس لە نەگبەتی کوردە جێگای ئەستێرە لە بری جریواندنی بە چۆڵی ئەبینرێت. ئەم دەقئاوێزانەش بەهۆی یاسای دیالۆگکردنەوە بنیاتنراوە، چونکە واتاو بیرۆکەی یەکەم هەڵوەشێنراوەتەوە لەجیاتی بیرۆکە (وێنە) یەکی نوێ خراوەتە ڕوو بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە.

- هەروەها گۆران گوتوویەتی:

لەپێش هەموو شتێکا چونکی کوردم ،
چۆلەکەی ناو هەزاران داوی وردم ،
باڵی فڕین، دەنووکی هاوار کردن ،
زیاتر چەقۆم نزیك ئەخا لە گەردن !              بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست ل ١١٤- ١١٥

هەروەها دەڵێت:

بەڵام ئەهرەمەنی گەڵای باخ سیس کەر
بێزارە لە جووکەی دەنووکی کوردی ،
ڕاوکەری دارستان لە باڵدار پیس کەر
جێی چینەی لێ تەنیم بە داوی وردی              دوا سرنج ل ٢٠٧

گۆران هەمان وشەکانی: (دەنووکی، کورد، داوی ورد) لەگەڵا (چۆلەکە، دەنووك) ی بەکارهێناوەتەوە بۆ دوو بیرۆکەی تا ڕادەیەکی زۆر لە مەبەستدا لەیەك نزیك، کە دەیەوێت بڵێت: ئێمەی بەستەزمان وەك چۆلەکە دوژمنمان زۆرەو دوژمنانیش وەك ڕاوکەر هەمیشە بەشوێنمانەوەن. بەوەش دەقئاوێزانەکە بەر یاسای جوینەوە دەکەوێت، بە میکانیزمی وەرگرتن.

- لە شیعری (ئاخ، هەزار ئاخ ... ل ١٨٦)دا دەڵێت:

ئەی ئەوەی قەومانی بەش بەش کرد بە پێی خاکو زمان ،
دای بە هەر قەومێ نگینو تاجو تەختی حوڕ ژیان !
کوا نگینی بەختی من ؟
کوانێ تاجو تەختی من ؟              ئاخ، هەزار ئاخ ... ل ١٨٦

و لە شیعری (بۆ مەفکوورەی بەدر خانی یەکان ل ١٨٧) دا دەڵێت:

دەروێش میرێك بوو خێوی تەختو تاج

چەرخ لێی وەرگەڕا کەوتە بەر تاراج...            ((بۆ مەفکوورەی بەدر خانی یەکان)) ل ١٨٧

هەروەها لە شیعری : (جەژنی نەورۆز – پەراوێزی – ل ١٩٤) دا دەڵێت:

هەتا ئەگاتە لووتکەی شاخی سەربەست ،

تاج ئەبینێو ، تێر ماچ ئەکا پێچکەی تەخت ! ...        جەژنی نەورۆز – پەراوێزی- ل ١٩٤

بەهۆی دووبارە بەکارهێنانەوەی وشەکانی (تاج، تەخت)ەوە ئەم دێڕە شیعرییانە پێکداچوونو دەقئاوێزانییان پێکهێناوە، کە سوود لێبینینەوەکە، تا ڕادەیەکی زۆر لێکنزیکییان هەیە لە مەبەستدا بەوەی گۆران دەیەوێت بڵێت: (بەبێ تاجو تەخت سەربەخۆیی مەیسەر نابێت)، هەرچەندە لە نموونەی یەکەمدا بیرەکە بە شێوەی پرسیارو گلەییکردن دەربڕراوەو لە دووەمدا بەشێوەی ئەوەی هەر بە گلەییکردنەوە بە چەرخ دەڵێت: کە چەرخ وەفای نەبووەو چەرخ لە دەسەڵاتی خستووە، بەڵام لە سێیەمدا پڕە لە هیواو گەشبینی ، چونکە بە ئاوات گەیشتووە بەهۆی ئەوەی گەیشتۆتە سەربەستیو تاجو پێچکەی تەختەکە ئەبینێو تێر ماچی ئەکات. بەوەش بە گشتی گۆران باس لە گرنگی تاجو تەخت دەکات بۆ دەستخستنی سەربەستی. جا لەبەر ئەوەی بیرەکان لە چوارچێوەیەکدا دەسوڕێنەوە، بۆیە دەقئاوێزانەکە بەپێی یاسای جوینەوە بنیاتنراوە لە نێوان کۆپلەکاندا بە ئامرازی وەرگرتن.

- لە شیعری (دیمەنێکی بەهار ل ١٦٩) دا دەڵێت:

مەلی سەر بنچك ، پەلو پۆ ڕەنگین ! خۆ من هەڵۆ نیم ،

لێم مەفڕن جووت جووت ، مەترسن ئاخر پێتان بڵێم چیم :        دیمەنێکی بەهار ل ١٦٩

گۆران وشەکانی: (مەلی، پەلو پۆ) ی جارێك بۆ مەلی ڕەنگین لە وێنەکەدا بەکارهێناوە، لە شیعری (پەیامی کورد بۆ میهرەجانی چوارەمی گەنجانو قوتابی یان لە بوخارست ل ٢٥٤)، کە دەڵێت:

ئەی مەلی پەلو پۆ سپی وەك چوڕ !

لە لووتکەی شاخەوە باڵ بگرە بە گوڕ                        پەیامی کورد ل ٢٥٤

گۆران هەمان ئەو وشانەی سوود لێبینیوەتەوە، بەڵام ئەمجارە بۆ مەلی سپی وەك چووڕ (مەبەستی لە مەلی ئاشتییە)، لە هەردوو وێنەکەدا گۆران بە دوو شێوازی جیاواز باسی بێ زیانیو کەشی ئارامی دەکات – یان هیچ نەبێت ئاواتی بۆ دەخوازێت-. کەواتە: دەقئاوێزانکردنەکە بەپێی یاسای هەڵمژینە، چونکە بە دوو شێوازی جیا، بۆ مەبەستێکی تاڕادەیەك نزیك سوودی لەو وشانە بینیوەتەوە بە ئامرازی ئەناگرام.

**بەشی سێیەم: پاری دووەم**: دەقئاوێزان بەهۆی دووبارە بەکارهێناوەی هەمان دەستەواژەوە:

لەم تەوەرەدا ئەو ئەو کۆپلەو دێڕە شیعرانە خراونەتە ڕوو، کە دەقئاوێزانە خودییەکە گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی نەك تەنیا وشەکان، بەڵکو گۆران سوودی لە دووبارە بەکارهێنانەوەی دەستەواژەکان بینیوەتەوە، وەك لە شیعری (ڕەوتێکی جوان! ل١١) دا دەڵێت:

یا کەو لەسەر بەفری نزار،

بۆ لووتکەی هەزار بە هەزار،

چەن ئێسك سووك، چەن گورجو گۆڵ

ئەکشێ پشت لە تۆی تەختی دۆڵ،                ڕەوتێکی جوان! ل١١

دەبینین (کەو) کە بە (گورجوگۆڵی) دەڕوات- کە یەکێکە لە وێنە جوانەکانی سرووشت- گۆڕان ئەوەی لەناخیدا پەنگی خواردۆتەوە لە ڕێگای ئەو وێنەیەی سرووشتەوە، بە ناوازەیی پێشکەشی خوێنەری کردووە. هەمان فرێز، کە وێنەکەی لەسەر بنیاتنراوە بووەتەوە بە جێکەوت، گۆران دەقئاوێزانی لەگەڵدا کردووەو سوودی لێبینیوەتەوە لە شیعری (بەستەی دڵدار ل٢٩) دا :

لێت بێ بزەی مانگە شەوی،

بەژنی ڕێکو ڕەوتی کەوی ! بەستەی دڵدار ل٢٩

لێرەدا ئەو وێنەیەی سرووشتی بۆ بابەتی وەسفی جوانی ئافرەت هێناوەتەوە ناوەوەو وێنەی فرێزە نائامادەکەی دووبارەکردۆتەوە بەکەمێك گۆڕانکارییەوە، بەتایبەتی گەر بەبەسترێتەوە بەناونیشانەکە (ڕەوتێکی جوان)ەوە سوود وەرگرتنەوەکە ڕوونتر دەردەکەوێ. جا لەبەرئەوەی لە دەقە دواتر هاتووەکەدا ئامادەبوونێکی ڕوونو ئاشکرا نییە، بۆیە بەپێی یاسای هەڵمژین دەقئاوێزانەکە ئەنجامدراوە بە ئامرازی وەرگرتن.

هەروەها هەمان فرێز جارێکی تریش بووەتەوە بە مایەی پێشکەشکردنی وێنەیەکی تر لە شیعری (لە درزی پەچەوە ل ٣٥)و وەك:

بە ڕەوتی کەو، لەنجەی تاوسو قومری

گورج گورج، جوان جوان ئەهاتو جادەی ئەبڕی ... لە درزی پەچەوە ل ٣٥

وەك ئەوەیە بییەوێت شیعری (ڕەوتێکی جوان)مان بەبیر بێنێتەوەو باسی (لەنجەی تاوسو قومریش)ی بۆ زیاد بکاتو گفتوگۆ لەگەڵ شیعری ناوبراودا دامەزرێنێت. بەو شێوەیە دەقئاوێزانێکی خودی لەگەڵا دەقی پێشینەدا کردووە بەپێی یاسای گفتوگۆ بە ئامرازی وەرگرتن.

- گۆران لە لە شیعری (نیاز .. ل ٤٢) دا دەڵێت:

سەردەمێك بوو دنیای گیانم تاریكو چۆڵ بوو ؛

کام (بەرۆچکەی) ی گەرمە دڵم چەشنی سەهۆڵ بوو ؛ نیاز .. ل ٤٢

کەوەك دیارە دەستەواژەی (کام بەرۆچکەی ، دڵ) بەکارهێناوە بۆ خستنەڕووی بیرەکەی، دووبارە سوودی لەم دەستەواژەیە بینیوەتەوە لە شیعری (گەشت لە هەورامان ل ١٢٩ (دێ)) وەك:

کام بەر بەرۆچکەی زۆر باسەفایە

چەشنی دڵی شاد دێ یە ، ئاوایە ! گەشت لە هەورامان ل ١٢٩ (دێ)

دەستەواژەکانی (کام بەرۆچکەی، دڵی چەشنی سەهۆڵ/ چەشنی دڵی شاد) دەقئاوێزانی یەکترنو کە هەریەکە بۆ مەبەستێکی جیاواز لە بۆنەی جاوازدا بەکارهاتوون؛ کەواتە: نموونەی دووەم دەقئاوێزانی یەکەمەو یەکەمیان بووە بە بنەوانی نموونەی دووەم. لەم دەقئاوێزانە خودییەشدا وەك ئەوەیە نموونەی دووەم بەرهەڵستی بۆچوونی بنەوانەکەی بکاتو لەبری دڵی ساردەوەبوو وەك سەهۆڵا، دڵی شادی هێناوەتەوە، بۆیە چۆتە ئاستی گفتوگۆ کردنەوە، هەربۆیە: بەپێی یاسای گفتوگۆ بنیاتنراوە بە ئامرازی دووبارەکردنەوە.

- هەروەها گۆران گوتوویەتی:

لەڕێگەتا هەیە پۆل پۆل لە لاوی دێ کۆمەڵ ،

کە هەریەکە گوڵی هێناوە چەشنێ، پڕ باخەڵ ! لە لادێ ل ٦٠

هەروەها لە شیعری (گەشت لە هەورامان ل ١٣٣ (کانیی ژنان)) دا دەڵێت:

ئێواران پۆل پۆل لاوی کاکۆڵ لوول ،
سەرەڕێ ئەگرن، سەرگەرمو عەجوول ،            گەشت لە هەورامان ل ١٣٣ (کانیی ژنان)

لە نموونەی دووەمدا دەستەواژەی (پۆل پۆل لاوی) بەکارهێنانەوەی دەستەواژەی (پۆل پۆل لەلاوی) نموونەی پێشینەیە، هەروەها وشەکانی (لەڕێگە/ سەرەڕێ) مەبەست ڕێگایە هەرچەندە جیاوازیشن، بەڵام مەبەستیی نزیك دەدەن بەدەستەوە. دەقئاوێزانەکەش بە جۆرێکە کە بیرو مەبەستێکی زۆر لێك نزیك دەگەیەنن، بۆیە دەچێتە خانەی یاسای جوینەوەوە بە ئامرازی دووبارەکردنەوە.

- هەروەها گۆران لە لە شیعرێکی تردا (ئافرەتو جوانی ! ل ٩) گوتوویەتی:

شەونمی درەخت لە ڕووم پژاوە ،
لە زەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە ،
.
.
خوڕەی قەڵبەزی کەف زیوینی چەم ،
لە هەزار چەشنە پرشنگی ناو تەم ،            ئافرەتو جوانی ! ل ٩

پاشان لە شیعرێکی تردا گوتوویەتی:

سرنجم ڕاهاتووی زیوی زەرکەفتە ،
بە زەردەی سەر بەفری ئێوارە وەختە ؛
گوێم فێرە بیستنی خوڕەی قەڵبەزە ،
لەو عاستەی ژوور بەفرە، داوێن گیای سەوزە ،            کوردستان ل ١٨٩

دووبارە سوودبینینەوە لە فرێزە هێڵ بەژێردا هاتووەکان، واتە: یەکەم کردن بە بنەوانی نموونەی دووەم، کە ئەوەش دەقئاوێزانکردنە لە نێوان یەکەمو دووەمدا، کە گۆران بۆ بۆنەی جیاواز بۆ مەبەستی پێشکەشکردنی بیرو وێنەی جیاواز دەقئاوێزانەکەی کردووە، خوێنەریش ڕاستەوخۆ هەست بە دەقە نائامادەکە دەکات، بۆیە دەکەوێتە ژێر یاسای جوینەوەوە بە ئامرازی ئەناگرام، چونکە فرێزو وشە بەکارهێنراوەکانی بەجۆرێك تەوزیفکردووە، کە مەبەستو واتایەکی نوێ پێشکەش دەکەن.

- گۆران لە پێشکەشکردنی وێنەیەکی کانیو حەوزی بەر تریفەی مانگەشەودا دەڵێت:

کانی یەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەو :
لە بنیا بلەرزێ مرواری زیخو چەو ،            جوانی بێ ناو ل ٤٦

یان دەڵێت:

بەڵێ، دیارە، لەناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار
وەکوو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا ،            دەروێش عەبدوڵڵا ل ١١٩

پاشان لە شیعری (دوا سرنج ... ل ٢٠٧)دا گوتوویەتی:

بۆ لای تۆ ئەڕوانم، قژ زەردی نازدار ،
ئەبینم دوو چاوی ناو ڕیزی برژانگ
پرشنگێك ئەگرنە نیگای گرفتار ،

نەمدیوە لە گۆمی بەر تریفەی مانگ !                    دوا سرنج ... ل ٢٠٧

شوێنی دیمەنەکان: (کانی، گۆم، حەوز) هەموویان شوێنی پڕ لە ئاون، لەبری یەك هاتوون بۆ یەك مەبەستی نزیك، هەروەها لەو شوێنانەدا درەوشانەوەی (تریفەی مانگە شەو، عەکسی قەمەر) لەناو ئاودا هاو وێنەیەکی تەواوی یەکن، کەواتە: ئەم دەستەواژانە بە فۆرمی جیاواز هاتوون بۆ مەبەستی جیاواز، کە یەکەم بووەتەوە بە بنەوان بۆ ئەوانی دواترو بەوەش دەقە دواتر هاتووەکان دەقئاوێزانی دەقی پێشینەن، هەرچەندە وەك بیر جیاوازییان هەیە لەوەدا شاعیر دەیەوێت لە دێڕە شیعرییە جیاوازەکاندا تێگەیشتنی پێشتر هەڵوەشێنێتەوەو بەرهەڵستی بۆچوونی پێشینە بکاتو ئەوەی پێشتر تێپەڕێنێت وەك ئەوەی لە (نموونەی یەکەم) دا (کانی بەر تریفەی مانگە شەوی) پێ جوانترینە، کەچی لە دووەم نموونەدا (پرشنگی چاوی ژێر ڕیزی برژانگ) بە جوانتر لە گۆمی بەر تریفەی مانگ لە قەڵەم دەدات بەوەش بیرۆکەی یەکەم تەواو ڕەت دەکاتەوە، چونکە لەو جوانتر دەدۆزێتەوە کە جوانی چاوی ئافرەتەو لە سێیەمدا وێنەکە تەڵخ دەکات بەوەی (عەکسی قەمەر لە حەوزی لیخندا) یە، بۆیە - کە قەدری سنعەتکار دەبێت وەك مانگ درەوشاوەبێت – دەرناکەوێت، بەوەش بیری یەکەم دەگۆڕێتەوە لە جوانترینەوە بۆ نەزانینی قەدر. بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانە لە هەڵوێستو ئایدیای پێشکەشکردنی وێنەکانەوە، کە یەك یەکتری هەڵدەوەشێننەوە و پێشبڕکێی جوانترینی دەکەن، گۆران دەکەوێتە ڕکابەری تێپەڕاندنی دەقە پێشینەکەو بەوەش گفتوگۆ لەگەڵ بنەوانەکەدا ئەنجام دەدات، هەربۆیە ئەم دەقئاوێزانەش دەچێتە ناو خانەی یاسای گفتوگۆوە بە میکانیزمی ئەناگرام .

**بەشی سێیەم: پاری سێیەم:** دەقئاوێزان بەهۆی دووبارە بەکارهێناوە هەمان ڕستەوە:

لەهەندێك هۆنراوەدا گۆران سوودی لە ڕستەیەکی تەواو وەرگرتۆتەوە، واتە: ڕستەیەك یان زیاتر بووە بە بنەوان بۆ شیعری دواتر هاتوو، وەك:

تاڵ بوو بەشت، تاڵ بوو بەشم !
لە یەك کاسە (تاڵی) نۆشین
برایی کردین بە هەنگوین .                    چیرۆکێکی برایەتی ل ٣٢٢

لەگەڵ:

ئەو ئاسمانە شینەی ژوور سەر
کۆتری سپیی تیا خول ئەدا
بە بێ خەتەر ،
.
بەری ڕەنجی تاڵمان بە لێو
ئەکا بە هەنگوینی بێ مێو ...                    تیرو کەوان ل ٣٢٧

لەگەڵ:

بۆ کچە کورد ژینی دیلی ژین نی یە ،
بە دەمی دیل هەنگوین هیچ شیرین نی یە ...                    ئەنجامی ئەژدەهاك ل ٣٥٦

هەنگوین لە دەمی هەموو کەسێکی ئاساییدا شیرینە. بەڵام لای گۆران (تاڵی) وەك هەنگوین شیرین دەبێت بەهۆی (برایەتی)یەوە لە شیعری (چیرۆکێکی برایەتی)دا. ڕستەی (کردین بە هەنگوین) لە شیعری (تیروکەوان)دا بووەتەوە بە بنەوانو گۆران سوودی لێبینیوەتەوە لە شیعری دواتر هاتوودا، بەڵام کەمێك لە ڕووی ڕێزمانییەوە گۆڕیویەتی بە

(ئەكا بە هەنگوین) ئەمجارەیان تاڵی کە وەك هەنگوین شیرین دەبێت بەهۆی ئاشتییەوەیە نەك برایەتی، واتە هۆکارێکی تر لەبری (برایەتی) دەخاتە ڕوو، کە نەبوونی (خەتەر)ە. ئەمەش دەقئاوێزانێکی خودییە لە ئاستی دووبارەبوونەوەی ڕستە بەهەمان واتا، بەڵام بە هۆکارێکی جیاواز، واتە: کەوتۆتە ژێر یاسای جوینەوەوە بەپێی میکانیزمی دووبارەکردنەوە. کەچی لە شیعری (ئەنجامی ئەژدەهاك)دا شێوازی سوود لێبینینەوەکەی گۆران لە هەمان ڕستەو بیرۆکە گەیشتۆتە ئاستێکی باڵاترو گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات لەوەدا تێگەیشتنی پێشینەی هەڵوەشاندۆتەوەو تێیدەپەڕێنێتو واتایەکی تر سەربار دەکات بۆ پێشینەکە لەوەدا لەباری ئاساییدا هەنگوین شیرینە کەچی ئەم لەم بارەدا بەدەمی کچی کورد گەر دیلکرابێت هەنگوین تاڵە، بۆیە دەڵێت: (بەدەمی دیل هەنگوین شیرین نییە)، کەواتە: ئەم دەقئاوێزانە خودییەیان دەکەوێتە ناو یاسای گفتوگۆکردنەوەو لە ئاستێکی باڵاتردا دەقئاوێزانەکەی بنیاتناوە بەپێی میکانیزمی وەرگرتن، کە دەتوانین بڵێین: بەهرەی لە وێنەو بیری ئەم بەیتەی نالی وەرگرتووە: (قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاکەت        شەرابم عەینی ژەهری مارە بێ تۆ)(دیوانی نالی (مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی میکایەلی)، مەلاعبدالکریمی مودەریسو فاتیح عبدالکریم، ٢٠٠١، ل ٣١٣) .

گۆران لە (زیندانی ئەژدەهاك ل ٢٦٨)دا کە باسی ئەژدەهاکو مارەکانی دەکات، دەڵێت: ( ناشتای مارانی ئەژدەهاك مێشکە)، وەك:

ئەژدەهاك ! ئەی دێوی لە (بیر) زراو چوو ،

ئەی ناشتای مارانت بە مێشك کردوو !          زیندانی ئەژدەهاك ل ٢٦٨

گۆران سوودی لە هەمان ڕستەو بیرۆکە بینیوەتەوەو بووە بە بنەوان بۆ دێڕێکی دواتری لە شیعری (ئەنجامی ئەژدەهاك ل٣٥٣)داو دەڵێت:

مارانی شا بێ قەرارن ،

ناشتای مێشکی هەرزەکارن .          ئەنجامی ئەژدەهاك ل ٣٥٣

ئەو ڕستەیە بووە بە بنەوانو جێکەوت بۆ نموونەی شیعری دواتر هاتوو، بەوەش دەقئاوێزانی خودیی بەپێی یاسای جوینەوە بنیاتنراوە بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە، لە کرۆکی بابەتەکەدا هیچ گۆڕانکارییەکی نەکردووە، بۆیە ڕاستەوخۆ خوێنەر هەست بە دەقە نا ئامادەکە دەکات، هەرچەندە لە ڕووی گەردانی ڕێزمانییەوە کەمێك گۆڕانکاریی دەبینرێت.

گۆران لە (لاوکی سوور بۆ کۆڕیای ئازا ل ٢٤٠)دا دەڵێت:

وەك دڕندە لاشەی نێچیر

شڕ شڕ ئەکا بە کەڵبەی پیر .          لاوکی سوور بۆ کۆڕیای ئازا ل ٢٤٠

هەمان ڕستە: (لاشە شڕ ئەکا کەڵبە) لە شیعری (بەستەی نەبەز ل ٢٧١)دا بووەتەوە بە بنەوان وەك دەڵێت:

من ئەو دیلەم کە دیلکەری زۆردارم .

.

تا شڕ تر کا کەڵبەی لەشی زامارم ،

خۆی خراپتر لەناو خوێنا ئەگەوزێ !          بەستەی نەبەز ل ٢٧١

کەواتە: گەرچی گۆران لەگەڵ شیعری پێشینەدا دەقئاوێزانی کردووە، بەڵام تەنیا بەوەوە نەوەستاوە کە لە ئاستی دووبارەکردنەوەدا دەقئاوێزان بکات، بەڵکو بە بیرۆکەی یەکەمەوە کە - لاشەی خەڵك شڕبکرێت بەناهەق- ناوەستێت،

ئەو بیرۆکەیە تێدەپەڕێنێت بەوەی ئەڵێ: تا ئەو خراپتر بکات خۆی خراپتر دەگەوزێت لە خوێندا، واتە: بۆخۆی خراپتر دەکەوێتەوە، بەمەش دەچێتە ئاستی گفتوگۆ کردنەوە لەگەڵ بنەواندا، هەربۆیە دەقئاوێزانەکە دەکەوێتە ژێر یاسای گفتوگۆوە بە میکانیزمی ئەناگرام.

گۆران لە شیعری (نایەڵن بڵێین ل ٤٥٨)دا کە (لە کتێبی (من شعر ناظم حکمت) وەرگیراوە*)دا - واتە: وەرگێڕراوە لە تورکییەوە- دەڵێت:

<u>دەممان ئەگرن</u> لە <u>گۆرانی</u> ، <u>ئەی ڕۆپسن</u> !

ئەی بلبلم ، ئەی بلبلی هەڵۆ باڵ ، نایەڵن بڵێین (لە کتێبی (من شعر ناظم حکمت)وەرگیراوە) ل٤٥٨

ڕستەی (ڕۆپسن ئەی بلبل دەممان ئەگرن لە گۆرانی) بووەتەوە بە بنەوان لە شیعری (بانگێك ... بۆ پۆڵ ڕۆپسن... ل ٢٧٨)* ، وەك دەڵێت:

<u>ئەی بلبلی</u> ئاشتی خوازی ، <u>پۆڵ ڕۆپسن</u> !

ئەو شێتانەی لە خوێندنت ئەترسن

<u>دەمیان گرتی</u> ، نیازیان هەبوو <u>ئاوازە</u>

قەدەغە کەن لە گوێچکەی دنیای تازە .. بانگێك ... بۆ پۆڵ ڕۆپسن... ل ٢٧٨

(ڕۆپسن ئەی بلبل دەمیان گرتی ئاوازە قەدەغەکەن) کەواتە: هەمان ڕستە بە کەمێك دەستکاری گەردانی ڕێزمانییەوە دووبارەکراوەتەوە کە دیارە (گۆرانی/ ئاوازە) دوو فۆرمی جیاوازی دووچەمکی تەواو نزیکی یەکن (واتایان نزیکی یەکە)، ئەم دەقئاوێزانەش بەپێی یاسای جوینەوە بە ئامرازی دووبارەکردنەوە بنیاتنراوە.

گۆران لە شیعری (بەستەی دڵدار ل ٣٠)دا دەڵێت:

قیبلەی ئایینو باوەڕم ،

خوای بەهەشتی دڵی تەڕم ! بەستەی دڵدار ل ٣٠

هەمان ڕستەی (باوەڕم، خوای بەهەشتی دڵی تەڕم !) بە بێ هیچ گۆڕانکارییەك دووبارە دەکاتەوە لە شیعری (هەڵبەستی پەشیمان ل ٣٩)دا بەوەش دەقئاوێزان بەپێی یاسای جوینەوە بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە پێکدەهێنێتو دەڵێت:

ئەی ڕووناکیی ڕێی <u>باوەڕم</u> !

<u>خوای بەهەشتی دڵی تەڕم</u> ! هەڵبەستی پەشیمان ل ٣٩

گۆران لە شیعری (ڕەوتێکی جوان ! ل ١٢)دا دەڵێت:

چەن وردوجوان، بە لەنجەولار،

* ئەم وەرگێڕانەی ناظم حیکمەت، کە بووەتەوە بە بنەوان بۆ دەقئاوێزانکردن لە شیعرێکی تری گۆراندا دەبێتە ماکی ئەو پرسیارەی (ئاخۆ گۆران تەنیا لەم شیعرەدا سوودی لە بیرۆکەکانی ناظم حیکمەت بینیوەو بوون بە بنەوان بۆی ؟ ) یان دەشێ ناظم حیکمەت کاریگەری زیاتری هەبوویێت لەسەر شیعرە جۆراوجۆرەکانی شاعیرو بوویێتن بە بنەوان بۆی.

* هەرچەندە وەك لەسەرەتاوە ئاماژەم پێدا بەپێی ژمارەی لاپەڕە بنەوانو سوود لێوەرگرتنەوەکانم دیاریکردووە بۆ کاری توێژینەوەکە نەك مێژوو، بەهۆی ئەوەی دیاریکردنی تەواوی مێژووی شیعرەکان ئەستەم بوو. بەڵام لەم نموونەیەدا نموونەکەی لاپەڕەی ژمارە(٤٥٨)م کردووە بە بنەوان بۆ شیعری لاپەڕە (٢٧٨)، چونکە دیارە وەرگێڕانەکە دەبێت پێشتر بوویێت بەبۆچوونی من، بۆیە دەقە وەرگێڕراوەکەم داناوە بە بنەوان بۆ دەقە خۆماڵییە دواتر هاتووەکەی گۆران.

ئەشێلێ سەوزەگیای بەهار،                                    ڕەوتێکی جوان! ل١٢

هەروەها لە شیعری (ئاهەنگێك لەناوڕان ل٥١)دا دەڵێت:

لەناو دێوە پۆل پۆل نازدار

ئەشێلن سەوزەگیای بەهار                                    ئاهەنگێك لەناوڕان ل٥١

ڕستەی (ئەشێلێ سەوزە گیای بەهار) کتو مت دووبارەکراوەتەوە، جگە لە یەك گۆڕانکاری بچووك لەبکەری ڕستەکەدا، کە (ێ/ ێت) کراوە بە (ن)، هەربۆیە دەقئاوێزانەکە بەپێی یاسای جوینەوە بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە بنیاتنراوە.

هەمان ڕستە بۆ جارێکی تر بۆتەوە بە بنەوان لە شیعری (بێداری یەك ... ل ١٨١)داو دەقئاوێزانی لەگەڵ کراوەتەوە لەم شیعرەشدا هێشتا گۆڕانکارییەکە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە شاعیر خۆی لە دووبارەکردنەوە دوورخستبێتەوەو کرۆکی بابەتەکە هەریەکە، بۆیە خوێنەر ڕاستەوخۆ لە دەقە نوێیەکەدا هەست بە دەقە پێشینەکە دەکات، وەك دەڵێت:

ئەشێلم گیای بن داری نوقمی ئاونگ،

بای دارستان لەرزێن ئەمژم پڕ بە سنگ                    بێداری یەك ... ل ١٨١

کەواتە: ڕستەی (ئەشێلم گیای ...) دەقئاوێزانی ڕستەی (ئەشێلێ سەوزەگیای بەهار)ە. ئەم دەقئاوێزانەش بەپێی یاسای جوینەوە بە مییکانیزمی ئەناگرام ئەنجامدراوە.

گۆران لە شیعری (نەورۆزی ٦١ ل ٣١٨) گوتوویەتی:

واتا: ڕێگا بیڕین بەدەو ،

ساڵێك زووتر دوایی دێ شەو ،                    نەورۆزی ٦١ ل ٣١٨

هەمان ڕستەی (ڕێگا بیڕین بەدەو) بەکەمێك دەستکارییەوە دەقئاوێزانی لەگەڵکراوە لە شیعری (چیرۆکێکی برایەتی ل ٣٢٣)دا، بۆیە دەڵێت:

ئەبێ بەرەو ئاسۆی ڕووناك ،

ڕێی ڕاست بگرێ نیازی پاك !

سواری یەکیەتی وشە بین ،

شوێنی کەوین ،

بەدەو بچین ،

تا ئەگەینە دوا ئامانجی هەرە شیرین !                    چیرۆکێکی برایەتی ل ٣٢٣

کەواتە: گۆران دەقئاوێزانی خودی لەگەڵ ڕستەی پێشوودا کردووە لەم دەقەشدا بە جیاوازییەکی زۆر کەمەوە، کە خوێنەر بەئاسانی هەست بە دەقە پێشینەکە دەکاتەوە، بۆیە دەکەوێتە نێو یاسای جوینەوەو میکانیزمی دووبارەکردنەوەوە.

وەك بینرا: گۆران لە چەندین شوێندا دەقئاوێزانی لە ئاستی (وشەو ڕستەو فرێز)دا لەگەڵ دەقەکانی پێشتری خۆیدا کردۆتەوە، ئەمەش ئەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی ئەو وشەو ڕستەو فرێزە دەقئاوێزان لەگەڵ کراوانە -کە بۆ خۆیان لەڕووی چەمکەوە پێشکەشکەری وێنەیەکن- لە نەستو یادگای درێژخایەنی شاعیردا کاریگەریی زیاتریان هەبووەو وێنەی جێگیرتر بوون، بۆیە لە چەند بۆنەیەکی جیاوازدا هاتوونەتەوە بەرباس‌و بە شێوازی جیاوازبێت، یان هاوشێوە بوونەتەوە بە ڕستەی شیعریی‌و بەشێك لە دەقە دواتر هاتووەکان.

**بەشی چوارەم:** دەقئاوێزانی خودیی بەهۆی دووبارەکردنەوەی هەمان بیرەوە:

مەبەست لە بیر تێمە (ثیم/ theme)ە، کە بیرۆکەی چەق (سەنتەر) (central idea)ە لەدەقدا جا دەشێ بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باسکرابێت لەدەق یان هونەردا، وەك بابەتی کچ بوون بە قوربانی نەریتی کۆمەڵایەتی کۆن. تێمە لەفەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەکاندا ناسێنراوە بەوەی گەر " بە درووستیو بە دیقەتەوە قسەبکەین، تێمەی کاری ئەدەبی مەوزوعەکەی نییە، بەڵکو بیرۆکەی کرۆکییەتی، کە لەوانەیە بە ڕاستەوخۆ وترابێت، یان بە ناڕاستەوخۆ، بۆ نموونە: تێمەی ئۆتێللۆ بەخیلی (حەسوودی)ە."( J.A. Cuddon, A dictionary of literary terms, 2001, P/ 695) کەواتە شیاوە، کە لە دوو دەق، یان زیاتردا بە شێوازی جیاواز بەهۆی کەرەستەو وێنەو ڕووداوی جیاوازەوە هەمان بیرۆکەی چەق (theme) پێشکەش کرابێت.

بۆ نموونە گۆران بیرۆکەی پێشکەشکردنی، یان خستنە ڕووی جۆرە جوانییەکی هەیە، کە ئەویش جوانی ناخ (دەروونیی)ە، نەمرەو لە جوانی جەستە باڵا ترە، چونکە جوانی جەستە پیر دەبێتو بەرەو نەمان دەچێت، بەڵام جوانی ناخو خووو ڕەوشت بەدرێژایی ڕۆژگار بە نەمری دەمێنێتەوە. وەك: گۆران لە (شەوێك لە عەبدوڵلا ل ٥٣ )دا دەڵێت:

یەکێ قژ زەرد، یەکێ چاو ڕەش،
یەکێك لێو وەك گوڵ – غونچەی گەش.
<u>یەکێك جوانیی وەك هەتاوە،</u>
<u>تینو تیشکی لەپێش چاوە</u> ؛ شەوێك لە ((عەبدوڵلا)) ل ٥٣

گۆران جۆرێك جوانی وەسف دەکات- کە جیایە لە جوانی قژو چاوو لێوو ... هتدی جوانیی جەستەیی-، کە ئەویش جوانی ناخەو مرۆڤ وەکو تیشکی هەتاو پێی دەدرەوشێتەوە؛ مرۆڤ لە هەر تەمەنێکدا بێت ئەو جوانییەی هەر دەمێنێو نەمرە، بەڵام جوانی ئەندامەکانی لەش، کە تا تەمەنی مرۆڤ بەرەو سەرەوە بچێت جوانی جەستەیی بەرەو خوارەوە دەچێ.

گۆران سوودی لەم تێمەیە وەرگرتۆتەوەو لە شیعری (هاوڕێم بێ کەس ! ل ٨٩)دا باس لە جوانی ناخ دەکاتو دەڵێت:

<u>یەك جوانی یە</u>: بای پایز
گەڵای زەرد ناکا هەرگیز،
کە، <u>لە گیان، سەرچاوەی دڵ</u>
<u>سەر هەڵئەدا قوڵە قوڵ</u> : هاوڕێم بێ کەس ! ل ٨٩

بەوشێوەیە دەبینین گۆران دەقئاوێزانی خودی لەگەڵ دەقی (شەوێك لە عەبدوڵلا)دا کردۆتەوە لەو بابەتەدا کە باس لە جوانی ناخو دەروونەو دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ دەقی پێشینەداو سەرباریش بۆ بۆچوونی پێشووی دەکاتو دەڵێت: تەنیا ئەو جوانییەیە، کە دەستی بای پایز - پیر بوون- پێی ناوێرێت، تا هەڵی بوەرێنێت، بۆیە دەقئاوێزانەکە بەپێی یاسای گفتوگۆ بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە کراوە.

- تێمەی پێویستیی پاڵنەر بۆ شیعر گوتن:

بابەتێکی تر، کە بووەتە تێمە لای گۆران بیرۆکەی زەروورەتی هەبوونی پاڵنەر (مۆتیف)ە، کە بەلای گۆرانەوە لێرەدا پاڵنەر- ژنە-، بۆ شیعر گوتن، واتە: جوانی ژنە. بۆیە لە شیعری (ژن ل ٧٤)دا دەڵێت:

له کونجی خاطیرەما تا ژنێکی شۆخ نەکا

پەری صیفەت بە پەل و بۆی جەمالەوە جیلوە،

لەکوێ لە سەطحی زەمینا، لە سینەیی فەلەکا،

ئەبێتە مەنبەعی شیعرم بەدایعی ئەشیا ؟ ..                ژن ل ٧٤

تێمەی هەبوونی ژن، کە دەبێتە مایەی بابەتی ئیلهام، بووە بە جێکەوت بۆ شیعرێکی دواتری، کە (بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست ل ١١٥)یە هەمان بیرۆکە، کە – ژن ئەبێ هەبێت، تا ئیلهام بوونی هەبێت- بە شێوازێکی تر دێنێتەوە بەر باس و دەڵێت:

دڵ خاڵی یە، کوورەم تیا نی یە ئاگر ،

پەڕەی دڵێ زامدار نەبێ بە تیری

خوای دڵداری ، زوهرەی جوانی زنجیری

لەگەڵ ڕیشەو ڕەگی نە ئاڵۆزابێ ،

.

ئەو دڵە ، کەی جێگای پەریی ئیلهامە ؟

گۆشتی بێ گیان خۆی کامە ، شیعری کامە ؟                بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست ل ١١٥

کەواتە: ژن بووە بە بابەتی تێمەی ئەم کۆپلانەو بەبێ بوونی ژن بەلای گۆرانەوە ئیلهام (بەهرە) بوونی نابێت. وەك دەبینرێت ناوەرۆکی بیرۆکەی پێشتر وەرگیراوەتەوە بەجۆرێکی تر هاتۆتەوە بەرباس - ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆش بەدی ناکرێت بۆ دەقی پێشتر- ، بۆیە ئەم جۆرەی دەقئاوێزان بەپێی یاسای هەڵمژین ئەنجامدراوە، بە میکانیزمی پاراگرام، چونکە زیاتر وەسفکردنی بیرۆکەی پێشینەیە.

- تێمەی ئەوەی لە دەروونمدایە جوانترینەو با دەرکەوێت:

گۆران سەبارەت بەوەی کە ناخی جوانترین بابەتی تێدایەو ئەیەوێت گوزارشتی لێبکات دەڵێت:

شیعرێ چەشنی ئەستێرە بجریوێنێ ،

ڕوون بێ ، ناخی دەریای دەروون بنوێنێ ،                بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست ل ١١٤

بیرۆکەی ئەوەی، کە دەروونی شاعیر پڕە لە بابەتی جوان و شاعیر ئەیەوێت بیخاتە ڕوو، کە لەو دێڕەی سەرەوەدا گوزارشتی لێکردووە، بووە بە جێکەوت و لە دێڕێکی تردا دەقئاوێزانی لەگەڵدا کردووەو دەڵێت:

ئەمویست دەروون بکرایەوە وەك تۆمار

دەرکەوتایە دنیای جوانتر لە بەهار ،                هەڵبەستی دەروون ل ١٢١

کەواتە: هەمان بیرۆکەی بەشێوازێکی زۆر نزیك لە یەك، بەڵام بەشێوەیەکی تاڕادەیەك جیاواز دووبارەکردۆتەوە (دەیەوێت دەروون بکرێتەوەو دەرکەوێت) جارێك وەك شیعرو جارێك وەك تۆمار، کە ئەوەندە جوانە وەك ئەستێرە ئەجریوێنێ یان دنیایەکە لە بەهار جوانترە، کەواتە: شتێکی ئەوتۆی لە کرۆکی بابەتەکە نەگۆڕیوەو خوێنەر ڕاستەوخۆ هەست بە دەقە نائامادەکە دەکات، بۆیە دەکەوێتە نێو خانەی یاسای جوینەوە بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە.

- تێمەی سەربەستیی هەوێنی هونەرە:

گۆران لە شیعری (بۆ بلبل ل ١٠٥- ١٠٦)دا سەبارەت بەوەی کە ئەگەر شاعیر ئەوەندە بەهرەشی زۆر بێت و وەکو بولبول وابێت، مادام قەفەسی تەنگە (واتە: سەربەست نییە) ئەوا بێ ئاوازەو لاڵەو هیچی بۆ ناگوترێت، بۆیە دەڵێت:

بلبليش بم مادام قەفەسم تەنگە ،

زمانم لاڵ ، نەغمەی شیعرم بێ دەنگە !　　　　　بۆ بلبل ل ١٠٥

منیش دەروونم شاد بێ ،

ملم لە بەند ئازاد بێ ،　　　　　بۆ بلبل ل ١٠٥

.

بەستەی وات بۆ ئەخوێنم ،

کە جوان جوان بلەرزێنم ،　　　　　بۆ بلبل ل ١٠٦

ئەم بیرۆکەیە، کە سەربەستی هەوێنی هونەری جوانە، لە شیعرێکی دواتری گۆراندا بووەتەوە بە بنەوان بۆیو دەقئاوێزانی لەگەڵدا کردووەو دەڵێت:

بەسەر شیعرا کەسێ زاڵە سەربەست بێ ،

بەرەڵلا بێ ، بە عارەقی عەشق مەست بێ　　　　　بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست ل ١١٦

شاعیر لە دەقی دواتر هاتوودا سوودی لە هەمان بیرۆکە بینیوەتەوەو دەقئاوێزانی لەگەڵدا کردووە، جا لەبەر ئەوەشی هەوڵی تێپەڕاندنی بیرۆکەی دەقە پێشینەکەی داوەو سەربارێکی خستۆتە سەر بیرەکەو وەکو پێویستییەك بۆ نووسینی شیعری جوان دەڵێت: ڕاستە بۆ زاڵبوونو هەبوونی توانای شیعر نووسین، سەربەستی پێویستە، بەڵام دەبێت ئەو کەسە بەعەشق مەستیش بێت، واتە: عاشق بێت. بەوشێوەیە دەقئاوێزانەکە بەپێی یاسای گفتوگۆ بە میکانیزمی پاراگرام بنیاتنراوە، کەواتە: شاعیر کەوتۆتە دیالۆگ لەگەڵ دەقی پێشینەدا.

هەروەها گۆران لە (دیمەنێکی بەهار ل ١٧٠)دا دەڵێت:

بەڵام وەك ئێوە لە دڵما ئەگرێت مەیلی سەربەستی ؛

ئەمەش ئایینم وەك ئاینتانە: هەردە پەرستی ! ..　　　　　دیمەنێکی بەهار ل ١٧٠

لەم دێڕەشدا هەمان شێوازی تێمەی ئارەزووی سەربەستی کردن وەکو باڵندە بوونی هەیە، بەوەش شیعری پێشینە، بۆتەوە بە جێکەوت بۆ شیعری دواتر هاتوو. جا لەبەرئەوەی دەقی دواتر هاتوو سوودی لە بیرۆکەی پێشینە وەرگرتووەو ناوەرۆکی دەقی پێشینەی وەرگرتووەو دووبارە - بەبێ ئەوەی لە دەقە نوێکەدا ئامادەبوونێکی واژەیی ئاشکرا هەبێت، یان بیرخستنەوەیەکی ڕاستەوخۆ- دایڕشتۆتەوە، بۆیە بەپێی یاسای هەڵمژین دەقئاوێزانەکە کراوە بە میکانیزمی پاراگرامو درێژە بە تێمەکە دەداتو وەسفی مەیلی سەربەستییەکەی دەکات، بەوە، کە هەرد پەرستە.

- تێمەی خستنە ڕووی جوانییەکانی سرووشت:

گۆران لە بابەتی جوانی سرووشتدا دەڵێت:

ئەوەندە جوان، لەوە جوانتر ،

لە شنەی بای شەو ڕەوانتر،

.

پێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا :

جوانێ لە بەژنێکی بەرزا ! ...　　　　　ڕەوتێکی جوان ! ل ١٢

گۆران لەم شیعرەدا لە باسی جوانی بەشێکی سرووشتدا، کە ڕەوتی گیانەوەرەکانە - مەبەستی لە دیمەنو ڕەوتەکانی: (قازو مراویی ناوچیمەنو ژێر زەردە، کشانی کەو لەسەر بەفری نزار بەرەو لووتکەی هەزار بەهەزار، قونە

قونی کەروێشکی تێرو قەڵەو لەبەر تریفەی مانگە شەو، شێلانی سەوزەگیای بەهاری پۆڕ لەگوێ ڕێگای دەشتی سایەقەی پاش وەشت، ڕەوتی کۆتری حەوزی مزگەوتە- ، هەموو ئەو جوانییانەی سرووشت بە جوانی بەژن‌و باڵا بەرزێکەوە، کە پێی نازاوی بە زەویدا دەنێت دەخاتە ڕوو.

گۆران لە شیعری (کوردستان ل ١٩٠)دا وەك گفتوگۆیەك لەگەڵ بۆچوونی پێشینەیدا دەڵێت:

جوانی یەك : کۆن نابێ هەرگیزاو هەرگیز ،

زستان‌و بەهارو هاوین‌و پایز :                    کوردستان ل ١٩٠

کەواتە: ئەو جوانییەی کە پیر نابێت بەلای گۆرانەوە (جوانی سرووشت)ە، کە ئەمەش وەك جوانتر پێشاندانی جوانی سرووشت دەردەکەوێت لەچاو جوانییەکانی ترو جوانی ژندا. کەواتە: هەمان بیرۆکە بۆتەوە بە جێکەوت‌و لە دەقی دواتر هاتوودا دەرکەوتۆتەوە بە شێوازێکی تر، شاعیر گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە جوانی سرووشت پیر نابێت، بەوەش بیرۆکەکەی پێشتری سەربار کردووەو گفتوگۆی لەگەڵ بنیاتناوەو دەقئاوێزانی لەگەڵ کردووە، کە کەوتۆتە نێو یاسای گفتوگۆ بە میکانیزمی پاراگرام.

- تێمەی هەموو شت لە باریکیدا دەپچڕێت تەنیا زوڵم نەبێت:

بیرۆکەی زوڵم‌و زۆر، کە بۆ زاڵم خراپتر دەکەوێتەوە، یان خراپەکار خراپتری دێتەوە ڕێ‌و تەنانەت زۆر خراپیش بەسەریا دەشکێتەوە. لای گۆران بووە بە بابەتی تێمەی ئەم پارچەیە، کە ناوەرۆکێکی نیشتمانی‌و شۆڕشگێڕانەی هەیە:

تا ئەو زیاتر داگیر کراو ،

بداتە بەر کەڵبەی سواو ،                    ل ٢٤٩

قەفی زنجیر ئەستوورتر کا

لەشکر سەوقی ڕێی دوورتر کا ،

دیارە چین‌و گەلی چەوساو

زووتر لە خەو هەڵدێنن چاو ..                    ل ٢٥٠

.

.

تەپ ها ! .. ترپەی دێ‌و لنگەو قووچ ،

بۆی ئەکەویت دەعبای وەك حووچ ! .                    لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا ل ٢٥٠

هەمان بیرۆکە بووەتەوە بە جێکەوت‌و گۆران سوودی لێبینیوەتەوەو دەقئاوێزانی لەگەڵدا کردووە، بەڵام بە وشەو شێوازی جیاواز لەم کۆپلەیەدا دایڕشتۆتەوە:

من ئەو دیلەم کە دیل کەری زۆردارم .

دڵی لەبەر گوڕی ناڵەم ئەلەرزێ ؛

تا شڕتر کا کەڵبەی لەشی زامارم،

خۆی خراپتر لەناو خوێنا ئەگەوزێ !                    بەستەی نەبەز ل ٢٧١

بەو شێوەیە، گۆران دەقئاوێزانی خودی لەگەڵ پارچەکەی پێشینەی بە بەکارهێنانەوەی هەمان تێمە ئەنجامداوە، ئەم شێوازی دەقئاوێزانە بەپێی یاسای هەڵمژین بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە ئەنجامدراوە.

- تێمەی خۆزگە خواستن بۆ ئازادیی گەل:

گۆران له‌ شیعری (فه‌قێ ته‌یران ل ٤٦٢)دا خۆزگه‌ ده‌خوازێت، كه‌ گه‌له‌كه‌ی به‌ئازادی ببینێت‌و ده‌ڵێت:

ئه‌مه‌وێ پێش ئه‌وه‌ی بمنێنه‌ ناو گڵ

ته‌مووره‌ی عه‌شقی پاك بۆ گه‌لم لێده‌م ،

پاش خۆیشم بێته‌ دی خۆشه‌ خۆزگه‌ی دڵ !

ئازادی ببێته‌ به‌سته‌ی هه‌موو ده‌م ! .. فه‌قێ ته‌یران ل ٤٦٢

ئه‌م بیرۆكه‌یه‌ له‌ شیعری (دڵه‌كه‌م ... ل ٤٦٣)دا بووه‌ به‌ جێكه‌وت‌و جارێكی تر لای گۆران سه‌ری هه‌ڵداوه‌ته‌وه‌، واته‌: گۆران ده‌قئاوێزانی له‌گه‌ڵدا كردووه‌و ده‌ڵێت:

ئاخۆ كه‌ی سه‌رده‌می ئازادی ئه‌گات !

ئه‌م گه‌له‌ كه‌ی ده‌ستی ئه‌گاته‌ ئاوات ؟

ئاخ ، خۆزگه‌ ئه‌م زامه‌م ئه‌دی سارێژ بێ ،

پێش ئه‌وه‌ی بمرم‌و گۆڕم بێ به‌ جێ ! دڵه‌كه‌م ... ل ٤٦٣

به‌ڕوونی بیرۆكه‌ی شیعری نائاماده‌ هه‌ستی پێده‌كرێت له‌ ده‌قی دواتر هاتوودا، ته‌نیا كه‌مێك جیاوازی له‌ شێوازی خۆزگه‌ خواستنه‌كه‌دا هه‌یه‌، كه‌ له‌ پێشینه‌كه‌دا ده‌ڵێت: ئه‌گه‌ر پاش خۆشم بێته‌ دی هه‌ر باشه‌. كه‌چی له‌ ده‌قی دواتر هاتوودا خۆزگه‌كه‌ وا ده‌خوازێت، كه‌ پێش مردنی بێته‌ دی، ئه‌گینا هه‌مان بیرۆكه‌یه‌و ده‌قئاوێزانی له‌گه‌ڵدا كردووه‌و به‌ ئاسانی خوێنه‌ر هه‌ست به‌ ده‌قه‌ نائاماده‌كه‌ ده‌كات، چونكه‌ به‌پێی یاسای جوینه‌وه‌ به‌ میكانیزمی دووباره‌كردنه‌وه‌ بنیاتنراوه‌.

- تێمه‌ی ئه‌و سه‌رنجه‌ی كه‌ دیمه‌ن وا له‌ یاددا جێگیر بكات، زوو زوو سه‌ر هه‌ڵبداته‌وه‌:

گۆران له‌ شیعری (بۆ جوانی سه‌ره‌ ڕێ ل ٢٦- ٢٧)دا باس له‌و شێوازی تێڕوانینه‌ ده‌كات، كه‌ بینراوه‌كانی تێدا جێگیر ده‌بێت‌و بۆ ماوه‌یه‌كی درێژ له‌ یاده‌وه‌رییدا ده‌مێنێته‌وه‌، له‌م باره‌یه‌وه‌ سه‌باره‌ت به‌و جوانه‌ی كه‌ له‌سه‌ره‌ ڕێدا ده‌یبینێت، ده‌ڵێت:

ئه‌مه‌وێ كه‌ ده‌رچووم له‌م دێ یه‌ به‌یانی ،

خاتیره‌م هه‌ڵگرێ جوانترین نیشانی ! ل ٢٦

.

تۆیش له‌گه‌ڵ هه‌ر جوانێك ئه‌بینم تا ئه‌مرم ،

ئه‌بیته‌ مرواری بۆ ملوێنكه‌ی شیعرم ! ... بۆ جوانی سه‌ره‌ ڕێ ل ٢٧

بیرۆكه‌ی ئه‌و جۆره‌ ڕوانینه‌ی كه‌ شێوه‌ی جوانێك له‌ یاده‌وه‌ریدا جێگیر بكات، له‌ بۆنه‌یه‌كی تردا دووباره‌ ده‌بێته‌وه‌. گۆران ده‌قئاوێزان له‌گه‌ڵ شیعری پێشینه‌دا ده‌كات‌و له‌ شیعره‌ دواتر هاتووه‌كه‌دا به‌ شێوازێكی نوێ هه‌مان بیرۆكه‌ داده‌ڕێژێته‌وه‌. به‌وه‌ش ده‌قئاوێزانی خودی له‌گه‌ڵ شیعری پێشینه‌دا ده‌كات، كه‌ به‌پێی یاسای هه‌ڵمژین ئه‌نجامی ده‌دات به‌ میكانیزمی پاراگرام، چونكه‌ وه‌ك سه‌رباڕێك بۆ بیرۆكه‌كه‌ی پێشینه‌ ئاخ بۆ نه‌زانینی ناوه‌كه‌ی ده‌خوازێت، وه‌ك ده‌ڵێت:

ئه‌زانی شپرزه‌و ده‌ربه‌ستی ئێجگار چیم ؟

هیی ئه‌وه‌ی نیگارێك له‌ یادم كێشراوه‌ ،

شۆخێكی نایابه‌، به‌ڵام ئاخ، بێ ناوه‌ ! .. جوانی بێ ناو ل ٤٦

هەمان بیرۆکە بۆ جاری دووەم بووەتەوە بە جێکەوتو گۆران دەقئاوێزانی لەگەڵدا کردووە لە شیعری (دوا سرنج ل ۲۰۸)داو دەڵێت:

هەر ئەوەم لە دەست دێ، هەتا ئەتوانم ،

.

وەك تینووی چاو لە ئاو بە کوڵ بڕوانم ؛

.

ئازارم سووکتر کا خەیاڵی کچێ

کە شۆخەو قژ زەردەو، باڵا ڕێكو بەرز ، دوا سرنج ل ۲۰۸

گۆران لە (دوا سرنج)دا کە دەقئاوێزانی لەگەڵ هەمان بیرۆکەدا کردۆتەوە، بیرۆکەکەی بە شێوازێکی نوێ داڕشتۆتەوە بەبێ ئەوەی لە دەقە دواتر هاتووەکەدا بیرخستنەوەیەکی ڕاستەوخۆی دەقی پێشینە هەبێت، بۆیە دەقئاوێزانەکە بەپێی یاسای هەڵمژینە بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە.

- تێمەی لاواندنەوەی ڕۆح بەهۆی (نەی/ شمشاڵ)ەوە:

گۆران لە (دەروێش عەبدوڵلا ل ۱۲۰)دا دەڵێت:

صیرف بەرزیی ذەکا ئەم صنعەتەی فێرکرد بە شمشاڵت ،

.

میزاجی کوردەواریم تێکچوە، دەروێش عەبدوڵلا ،

دەخیلت بم دەسا بەو لاوكو ئای ئایو حەیرانە

.

دە، ئەی دەروێش، سکاڵایەك لەگەڵ ڕۆحی کلۆڵم کە ! .. دەروێش عەبدوڵلا ل ۱۲۰

گۆران سوودی لە هەمان تێمە بینیوەتەوەو دەقئاوێزانی لەگەڵدا کردووە لە شیعری (ئەی نەی ل۲۲٤)دا:

هەر ثانیەیەك لە زیندەگانیم

عەصرێکی هەموو خەمی جیهانە !

ئەی نەی دە بە نەغمەیی خرۆشان

ئەم ناوە بە جارێ پڕ لە صەدا کە ؛

بۆ ڕۆحی شکستە باڵی ناڵان

لاوانەوەیەك بە کوڵ ئەدا کە ! ... ئەی نەی ل ۲۲٤

لە دەقی دواتر هاتوودا - هەرچەندە بیرۆکەکە دووبارەکراوەتەوە، بە شێوازێکی نوێ- دەقئاوێزانی لەگەڵ دەقی پێشینەدا کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی دوای هەڵمژینی بیرۆکەکە لە دەقە دواتر هاتووەکەدا ئامادەبوونێکی واژەیی ئاشکرا نابینرێتو بیرخستنەوەی ڕاستەوخۆش بوونی نییە، بۆیە دەقئاوێزانەکە بەپێی یاسای هەڵمژین بنیاتنراوە بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە.

- تێمەی یەکگرتوویی مایەی سەرکەوتنە(برا لەپشت برا بێت مەگەر قەزا لای خوا بێت):

گۆران پشت بەستوو بەو باوەڕەی کە یەکێتی گەل مایەی سەرکەوتنی حەتمییە، لە شیعری (ئەی لاوی کورد ل ٤۰۹)دا گوتوویەتی:

ڕێگای ئامانج یا سامدار بێ ،
یا پڕ لە ترس و ئازار بێ ،
دڵسۆز ڕابەر، هێز ڕێبوار بێ ،
کۆمەڵ یەك گیان، یەك بڕیار بێ :
کاروانی چۆن پێش ناکەوێ ؟
دوشمن لەبەریا نا ڕەوێ ؟ ئەی لاوی کورد ل ٤٠٩

بیرۆکەی یەکێتی مایەی سەرفرازی و سەرکەوتنی گەلە، گۆران بە جۆرە پرسیارێکی ڕەوانبێژییانە کۆتایی پێهێناوە (کاروانی چۆن پێش ناکەوێ ؟ دوشمن لەبەریا نا ڕەوێ ؟)، کە هەموومان وەڵامەکەی دەزانین، جارێکی تر گۆران سوودی لێبینیوەتەوەو دەقئاوێزانی لەگەڵدا کردووە، واتە: بیرەکە بووەتەوە بە جێکەوت و ئامادەیی هەیە لە دەقی دواتر هاتوودا، وەك لە شیعری (بەستەی نەبەز ل ٢٧٠)دا :

من ئەو دیلەم ئامانجم قیبلەی گشتە ،
یا سامداربێ و پڕ دڕك بێ ڕێی ڕاستم ،
مادام هێزی زۆربەی گەلم لە پشتە :
دڕك گوڵە و ترس ئارامە بۆ خواستم ! بەستەی نەبەز ل ٢٧٠

کەواتە: گۆران دەقئاوێزانی لەگەڵ دەقی پێشینەدا کردووە بەپێی یاسای جوینەوە بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە، چونکە لە کرۆکی بیرەکەدا گۆڕانکاری نەکردووەو خوێنەر هەست بە دەقە نائامادەکە دەکات.

**بەشی پێنجەم:** دەقئاوێزانی خودیی بەهۆی دووبارەکردنەوەی هەمان وێنەوە:

وێنە (image) لە شیعردا وشەیەك یان فرێزێك یان ڕستەیەکی شیعریی دەگرێتەوە، کە وەسفی کەسێك، یان شتێك دەکات و وێنەیەك لە خەیاڵی، یان هزری نووسەرەوە دەگوێزێتەوە بۆ هزری، یان خەیاڵی خوێنەر. جا لەوانەیە وێنەکە واقیعی بێت و کۆنکرێتی بێت- لەم بارەدا وەك چۆن نووسەر دەیبینێت نەك لە واقیعدا چۆنە ئاوا دەگاتە وەرگر- ، یان لەوانەیە داهێنراوی خەیاڵ بێت.'یەکێك لە واتاکانی وێنە وەك لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا هاتووە: کۆپیی کەسێکە، یان شتێکە لە شێوەی وێنە، یان پەیکەرێکدا، هەروەها بەم شێوەیەش ناسێنراوە: وشەیەکە یان فرێزێك، کە خەیاڵئامێزانە پەسنی شتێك دەکات'(سامان جەلال عەزیز، شیعری گۆران و چەمکی ئیمەیجیزم، ٢٠١٠، ل٦) .

"وێنە لەوانەیە بینراوبێت (visual)و بکەوێتە بەرچاو، یان وێنەیەکی تایبەت بەهەستی بۆنکردن (smell) یان بەرکەوتن (touch) یان بیستن (hearing) یان چەشتن (taste) بێت، یان مەعنەوی (abstract) بێت، لەبارە واتاییەکەدا ئەوەیە، کە بە هزریی وەسفکرابێت"( J.A. Cuddon, P/ 324).

وێنە پەیوەستە بە شیعرەوە ئەوەندەش بە بەهایە سیسل. دی. لویس لەوبارەیەوە گوتوویەتی: وێنەی شیعری لە سادەترین واتایدا، وێنەکێشانەو بنیاتەکەشی وشەیە(سامان جلال عەزیز، شیعری گۆران و چەمکی ئیمەیجیزم، ل ٨) . بەتایبەتی لە شیعری نوێدا زۆرجار زاراوەی وێنە وەك هاوتای شیعر بەکارهاتووە(هەمان سەرچاوە، ل ٩).'گۆران لەزۆرێك لە شیعرەکانیدا ئەو وێنانەی پێشکەشی کردوون بەهۆی پێنج هەستەکەوە پێشکەشیکردوون جا بەتاکە هەستێك، یان دوو هەست، یان زیاتر پێکەوە بێت. گۆران لەو وێنانەدا، کە بەهۆی هەستەکانەوە پێشکەشیکردوون هەستی بینین لە پلەی یەکەمدا دێت و زۆربەی ئەو وێنانەشی کە لە ڕێی هەستەکانەوە پێشکەشی کردوون دەربارەی سرووشتن'(هەمان سەرچاوە، ل ١١٤- ١١٧) .لە بەشێکی دیاریکراو لەو شیعرانەی گۆراندا، کە وێنەیەکی تێدا

پێشکەشکردووین بۆ جاری دووەم، یان سێیەم سوودی لێبینیوەتەوە، واتە: شیعری پێشینە بووەتەوە بە جێکەوت بۆ شیعری دواتر هاتووو بەوەش دەقئاوێزانی خودی بەرهەمهاتووە. بۆ نموونە؛ گۆران لە شیعری (ئاهەنگێك لەناو ڕان ل٥٠)دا دەڵێت:

هەنگە زەردە ئەبڕێ ڕێی دوور
بۆ بینینی گوڵاڵەی سوور ،
تا نەگەڕێ مێرگی بەهار
دەم نانێتە ناو دەمی یار ![*] ئاهەنگێك لەناو ڕان ل ٥٠

هەمان وێنەی (گەڕانی هەنگ بۆ گوڵ)، لە شیعری (گەشت لە قەرەداغ ل ١٥٣ (٢٠))دا بووە بە جێکەوتو دەقئاوێزانی لەگەڵکراوە، وەك:

وەك هەنگ بگەڕێو گۆرانی بڵێ ،
لادە جار جارێ بۆ بەرپێی گوڵێ. گەشت لە قەرەداغ ل ١٥٣ (٢٠)

بەو شێوەیە گۆران دەقئاوێزانی لەگەڵ دەقە نائامادەکەدا کردووە، ئەوەش بە هەڵمژینی وێنە پێشینەکە، بەبێ ئامادەبوونێکی واژەیی ئاشکرای دەقی پێشینە، بۆیە بەپێی یاسای هەڵمژین بە میکانیزمی ئەناگرام دەقئاوێزانەکەی کردووە.

- وێنەی سپێتی لوتکەی چیا، کە لە شێوەی سەرپۆشی سپیدایە:

گۆران لە وەسفی وێنەی سپێتی لوتکەی چیادا دەڵێت:

کۆمەڵە شاخێك سەختو گەردن کەش ،
ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش ؛
سەرپۆشی لوتکەی بەفری زۆر سپی ،
بە دارستان ڕەش ناو دۆڵی کپی ... گەشت لە هەورامان ل ١٢٧

دیمەنی: سەرپۆشیی بەفری سپی لوتکەی شاخ، لە شیعری (بەڕێگادا .. بەرەو کۆنفرانس ل ٣١٤)دا بووە بە جێکەوتو دەقئاوێزانی لەگەڵکراوە، وەك:

چیاکانمان،
چیاکانی کوردستانمان ،
هەموو سەرپۆش سپیو بەرزن ،
بەرپێ بەفراو، داوێن سەوزن. بەڕێگادا .. بەرەو کۆنفرانس ل ٣١٤

دەبینین هەمان دیمەن بە بێ گۆڕانکاری لەکرۆکی وێنەکەدا دووبارەکراوەتەوەو ڕاستەوخۆ خوێنەر هەست بە وێنەی دەقە نائامادەکە دەکات، بۆیە بەپێی یاسای جوینەوە بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە دەقئاوێزانەکە بنیاتنراوە.

بۆجاری دووەم هەمان دیمەن سوودی لێبینراوەتەوەو بووەتەوە بە جێکەوت لە شیعری (کوردستان ل ٤٠١)دا:

لووتکەی بەرزی گەردن کەشت ..
نزاری سپی، بەر خۆری ڕەشت ..

[*] ئەم وێنەیە وێنەیەکی تایبەتە بە هەستی بیستنو بەرکەوتنو وێنەیەکی جوڵاویشە. بڕوانە: سامان جلال عەزیز، شیعری گۆرانو چەمکی ئیمەیجیزم، ل ١٢٢ .

دۆڵی کپو چەمی خوڕت ..

دارستانی زەبەندو چڕت ..                    کوردستان ل ٤٠١

ئەم جارە گۆران وێنەکەی بە شێوازێکی نوێ، بەڵام بە کەمێك گۆڕانکاری لە کرۆکی وێنەکەدا – بەکەمێ دەستکارییەوە- پێشکەشکردووە، کە دوای کەمێك تێڕامان خوێنەر هەست بە دەقە نائامادەکە دەکات، بۆیە بەپێی یاسای هەڵمژین بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە بنیاتنراوە.

- وێنەی مەلا بانگدانی بەری بەیانی:

گۆران لە باسی دیمەنی مەلا بانگدانی بەری بەیاندا، کە پەیوەستی هەستی بیستنە، دەڵێت:

(الله اکبر !) مەلا بانگانە ،

تاریكو لێڵی بەری بەیانە ..

مانگی بەجێ ماو لە سەفەری شەو

زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو !                    گەشت لە هەورامان ل ١٣١

دیمەنی (الله اکبر ! )ی بەری بەیانو قاسپەقاپی کەو ، لە شیعری (بەری بەیانە ل ٤٠٢)دا بووە بە جێکەوتو گۆران دەقئاوێزانی لەگەڵدا کردووە:

دەنگی بانگ هەڵسا لە مزگەوتی دێ ،

باڵدار هێلانەی خەو بەجێ دێڵێ ،

قاسپە قاسپی کەو ئاشکرا ئەڵێ :

کاتی فرمان هات، کورد نابێ بنوێ.                    بەری بەیانە ل ٤٠٢

تاڕادەیەك خوێنەر هەست بە دەقە نائامادەکە دەکات لە دەقی دواتر هاتوودا، بۆیە ئەم جۆرەی دەقئاوێزان دەکەوێتە بەر یاسای جوینەوە بە میکانیزمی دووبارەکردنەوەو کرۆکی بابەتەکە گۆڕانکاریی تێدا نەکراوە.

- وێنەی درەوشانەوەی زیخی مرواری بنی ئاو:

گۆران لە شیعری (جوانی بێ ناو ل ٤٦)دا وێنەی کانییەکی ڕوون پێشکەش دەکات، کە لە بنیا زیخو چەو وەکو مرواری دەدرەوشێنەوە، وەکو دەڵێت:

کانی یەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەو :

لە بنیا بلەرزێ مرواریی زیخو چەو ،                    جوانی بێ ناو ل ٤٦

هەمان دیمەن لە شیعری (ئەنجامی یاران ل ٣٤٧)دا دەقئاوێزانی لەگەڵ کراوەو بووە بە جێکەوت بۆی، وەکو:

لە کانیو پلووسکی ژێر سێبەری دار ،

کە زیخی مرواریو ئاوی وەك زیوە ؟                    ئەنجامی یاران ل ٣٤٧

دەقئاوێزانەکەش بەپێی یاسای جوینەوە بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە بنیاتنراوە، چونکە بە ڕوونی وەرگر هەست بە دەقە پێشینەکە دەکاتو گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە دیمەنەکەدا نەکراوە، کە ناسینەوەی گران بێت.

- وێنەی چوونی ئافرەت بۆ ناو ڕانو شمشاڵ ژەنینی شوان:

لە پێشاندانی دیمەنی چوونی ئافرەت بۆ ناو ڕانەمەڕ لە ئێواراندا، هاوکات خستنە گەڕی شمشاڵی شوان، بووە بە بابەتی ئەم وێنەیە لای گۆران:

سۆزی شمشاڵ ئەخەمە کار دەمی ئێواران :

پۆل پۆل ئافرەت، شیردۆشی جوان، ئەکشێ بۆ ناوڕان !                ئاهەنگێك لەناوڕان ل ٥٠

هەمان دیمەن لە شیعری (کوردستان ل ١٩١)دا لەم دوو دێڕەدا:

کە ماویە ڕۆژی زەرد بگاتە دەم کەل ،

لای ژوورووی سەرتەوە ئەجریوێنێ مەل ؛

پۆلی ژن، زەردو سوور، ئەکشێ بۆ ناوڕان،

شوان ئەڵێ بە شمشاڵ : ((هەوری لار، ئامان !))                کوردستان ل ١٩١

بووە بە جێکەوتو دەقئاوێزانی لەگەڵدا کراوە، جا لەبەرئەوەی، کە ڕاستەوخۆ هەست بە دەقە نائامادەکە دەکرێتو گۆرانکاریی لە کرۆکی دیمەنەکەدا نەکراوە، بۆیە دەکەوێتە نێو یاسای جوینەوە بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە.

- وێنەی هەتیوخستنی کۆرپە، یان جەرگ سووتاندنی دایك:

گۆران لە شیعری (دیاریی خوای شەڕ ل ١٩٦) باس لە ناسۆری سووتانی جەرگی دایك دەکات، کە کۆرپە تاقانەکەی دەکوژرێت، هەروەها دیمەنی هەست بزوێنی بینینی کۆرپەیەك دێنێتەوە، کە هەتیوکەوتووە، وەکو:

دیاریی خوای شەڕ ڕەنجەو ئازار ،

مەرگی لەشکر، وێرانیی شار ؛

بۆ دایك تاقانە کوشتن ،

بۆ کۆرپەی ناز : هەتیو خستن !                دیاریی خوای شەڕ ل ١٩٦

ئەم دیمەنەلە شیعری (ڕۆڵەی بێ دایك ل ١٩٨)دا دەقئاوێزانی لەگەڵکراوەو ناوەرۆکەکەی وەرگیراوەو بیرەکەی بە شێوازێکی نوێ داڕێژراوەتەوە:

نەك دایکی کوڕ – مردوو، دیم کۆرپەی ساوا

لای مەیتی دایکیا، فرمێسك لە چاوا ،                ڕۆڵەی بێ دایك ل ١٩٨

لەبەر ئەوەی شاعیر هەوڵی تێپەڕاندنی وێنەو واتای پێشینەی داوە، چونکە سەرباری بۆ دیمەنە پێشینەکە کردووە لە دەقی دواتر هاتوودا لەوەدا، کە گوتوویەتی: (کەوتبوو بەبێ شیر، بێ لاوانەوە، ناوجەرگی ئینسانی ئەچووزانەوە !... )(دیوانی گۆران، ل ١٩٨). هەروەك لەدەقی پێشینەدا دیمەنەکە بەشێوەی گێڕانەوەی ناڕاستەوخۆ دەگێڕێتەوە، کەچی لە دەقی دواتر هاتوودا دیمەنەکە ڕاستەوخۆ پێشکەشدەکات، وەك ئەوەی هەر ئێستا ڕوویدا بێتو شاعیر لەبەردەم دیمەنەکەدا بێت، بەوەش کاریگەری زیاتر لەسەر خوێنەر درووستدەکات، بۆیە توانیویەتی دەقی پێشینە تێپەڕێنێت، کەواتە: شاعیر دیالۆگی لەگەڵ دەقی پێشینە کردووە، بۆیە بەپێی یاسای گفتوگۆ بە میکانیزمی پاراگرام دەقئاوێزانەکەی بنیاتناوە.

دیمەنی ساوای بێکەس جارێکی تر بووەتەوە بە بابەتی وێنەی کۆپلەیەکی تری گۆرانو سوودی لە وێنە پێشینەکە وەرگرتۆتەوە بۆ جاری دووەمو دەقئاوێزانی لەگەڵدا کردۆتەوە، وەك:

یا ساوای لە چەقی ڕێگا تووڕ دراو

گەل ئەبێ بە دایکیو ئەیهێنێتە ناو    پەیامی کورد بۆمیهرەجانی چوارەمی گەنجانوقوتابی یان لەبوخارست ل٢٥٥

لەم شیعرەیاندا پوختەی بیری دیمەنەکە وەرگیراوەو لەدوای هەڵمژینی بیرەکە دووبارە دارێژراوەتەوە بەبێ ئەوەی بیرهێنەرەوەیەکی ڕاستەوخۆی دەقی پێشینە هەبێت، کە درێژەی بەبیرۆکە پێشینەکەی داوەو دایکی بۆ پەیدا دەکات، کە هەموو گەلە بە گشتی، بۆیە دەقئاوێزانەکە بەپێی یاسای هەڵمژینە بە میکانیزمی پاراگرام.

- وێنەی پەلکە زێڕینە:

گۆران لە شیعری (ئافرەتو جوانی ! ل ٩)دا لەبارەی دیمەنی پەلکەزێڕینەی بەهارەوە دەڵێت:

پەلکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر ،

چەماوەتەوە بەرامبەر بە خۆر ، ئافرەتو جوانی ! ل ٩

هەمان دیمەن بووە بە جێکەوتو جارێکی تر لە شیعری (گەشت لە قەرەداغ ل ١٥٢)دا دەقئاوێزانی لەگەڵکراوە، بۆیە دەڵێت:

پەلکە ڕەنگینەی ئێوارەی بەهار

لە عەزرەت تارای سوور کەوتۆتە خوار ، گەشت لە قەرەداغ ل ١٥٢

کەواتە: هەمان دیمەن سوودی لێبینراوەتەوەو گۆران دەقئاوێزانی لەگەڵدا کردووە. شێوازی دەقئاوێزانەکەش بەجۆرێکە، کە شاعیر هەوڵی تێپەڕاندنی بیرۆکەکەی وێنەی دەقی پێشنەی داوە، وێنەیەکی، یان هۆیەکی هونەریی سەربارکردووە بۆ دیمەنی دەقی پێشینە، لە دەقی پێشینەدا تەنیا گوتراوە، پەلکە زێڕینەکە چەماوەتەوە بەرامبەر بە خۆر، کەچی لە دەقی دواترهاتوودا دەڵێت: لە عەزرەت تارای سوور کەوتۆتە خوار، واتە: هۆیەکی هونەریی بۆ چەمانەوەکەی هێناوەتەوە، وەك چۆن کەسێك بۆ خۆشەویستەکەی یان کەسێکی لەخۆی لە پلەو پایەدا بەرزتر دەچەمێتەوە، بەو شێوەیە پەلکە زێڕینەکە چەماوەتەوە (کەوتۆتە خوار) بۆ خاتری تارای سوور- کە مەبەست لە بوکێکە، یان جوانی ئافرەتە-. لەبەر ئەوەیە، کە کەوتۆتە گفتوگۆ لەگەڵ دەقی پێشینەداو بەپێی یاسای گفتوگۆ دەقئاوێزانەکەی بنیاتناوە، کە باڵاترین جۆری دەقئاوێزانکردنە بە میکانیزمی پاراگرام.

- وێنەی نائارامی بێشکەی مناڵ:

گۆران لە شیعری (بێشکەی مناڵ ل ٣٢٦)دا دەڵێت:

ئەی ئەو ماڵە چەن بێ باکە

کە لە بارووتو لە بۆمبا

ژێر بێشکەی مناڵیان پاکە ! بێشکەی مناڵا ل ٣٢٦

هەمان دیمەنی بێشکەی مناڵ، کە بەهۆی نائارامیو شەڕەوە لە مەترسیدایە، سوودی لێبینراوەتەوەو دووبارەکراوەتەوە لە شیعری (جگەرتانین ((بە زمانی مناڵی ساواوە)) ل ٤٢٣)دا، کە دەڵێت:

ماوە مەدەن بێشکەی مناڵ

گڕ تێی بەربێ وەك کۆی زوخاڵ جگەرتانین ((بە زمانی مناڵی ساواوە)) ل ٤٢٣

گۆران دەقئاوێزانەکەی بە گۆڕانکارییەکی کەمەوە کردووە، بەڵام لە کرۆکی بابەتی وێنە گشتیەکە لاینەداوەو هەر یەکە، خوێنەر بە ئاسانی هەست بە دەقە نائامادەکە دەکات، بۆیە دەقئاوێزانەکە بەپێی یاسای جوینەوە بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە بنیاتنراوە.

**ئەنجام**

١- ڕێژەی دووبارە، یان چەندبارە سوود لێبینینەوەی وێنەکانی نێو شیعرەکانیش بە مەبەستی دەقئاوێزانی خودی لەگەڵ کردنیان بەم شێوەیەیە: زۆرترین هاتنەوە بەرباس ٥ جارە کە لەم سێ شیعرەدایە: (گەشت لە هەورامان، کوردستان، ڕەوتێکی جوان)، لەدوای ئەمانیش شیعرەکانی (جوانی بێ ناو، ئەنجامی ئەژدەهاك، بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست) هەر یەکە ٤ جار بوونەتەوە بە بنەوان. ئەو شیعرانەشی ٣ جار بوونەتەوە بە بنەوان: (بەستەی دڵدار، دوا .. سرنج، چیرۆکێکی برایەتی، بەستەی نەبەز، ئاهەنگێك لەناو ڕان، نەورۆزی ٦١، هاوڕێم بێکەس، دیمەنێکی بەهار، گەشت لە قەرەداغ، جەژنی نەورۆز)ن کە ژمارەیان ١٠ شیعرەو ١٢ شیعریش ٢ جار هاتوونەتەوە بەر باس ، کە ئەمانەن: ( لە درزی پەچەوە، ئافرەتو جوانی، دەروێش عەبدوڵلا، ئەنجامی یاران، زیندانی ئەژدەهاك، لاوکی سوور بۆ کۆڕیای ئازا، بانگێك بۆ پۆڵ ڕۆبسن، هەڵبەستی پەشیمانی، بۆ بلبل، مۆسکۆی جوان، ڕۆڵەی بێ دایك، لە زیندانا چواردەی تەمموز).

٢- لە نموونە ڕاقە کراوەکانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەرسێ یاساکە بەکار هاتوون، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز، کە لە کۆی ٦٣ نموونە : ٣٥ دەقئاوێزانیان بەر یاسای جووینەوە دەکەونو ٢٤ یان بەر گفتوگۆو ٢٤ ی تریشیان بەر یاسای هەڵمژین کەوتوون. لەڕووی میکانیزمە بەکارهاتووەکانیشەوە ٤٠ نموونەیان بەر میکانیزمی دووبارەکردنەوە دەکەونو ١٠ یان بەر ئەناگرامو ٨ یان بەر پاراگرامو ٥ یان بەر وەرگرتن کەوتوون.

٣- گۆران دەقئاوێزانی خودی بەهۆی دووبارەکردنەوەی هەمان وشەو دەستەواژەو ڕستەوە کردووە دەقئاوێزانەکانی نێوانیشیان بەڕادەیەك ڕوونە، بە ئاسانی هەست بە سوود لێوەرگرتنەوەکە دەکرێت، جا چ لە ئاستەکانی وشە، فرێز، یان ڕستەدا بێت.

٤- بەهۆی ئەوەی گۆران لە چەندین شوێندا دەقئاوێزانی لە ئاستی (وشەو ڕستەو فرێز)دا لەگەڵ دەقەکانی پێشتری خۆیدا کردۆتەوە، گەیشتین بەو ئەنجامەی ئەو وشەو ڕستەو فرێزە دەقئاوێزان لەگەڵ کراوانە - کە بۆ خۆیان لەڕووی چەمکەوە پێشکەشکەری وێنەیەکن- لە نەستو یادگای درێژخایەنی شاعیردا کاریگەریی زیاتریان هەبووەو وێنەی جێگیرتر بوون، بۆیە لە چەند بۆنەیەکی جیاوازدا هاتوونەتەوە بەرباسو بە شێوازی هاوشێوە بێت، یان جیاواز بوونەتەوە بە وێنەو دەق.

٥- گۆران دەقئاوێزانی خودی تەنانەت لە نێوان ناونیشانی شیعرەکانیشیدا کردووە. نەك تەنیا دوو دوو لەنێوان دوو ناونیشانی دوو شیعری جیاوازدا وەك ئەوەی لە نێوان ناونیشانی بیست شیعردا کردوویەتی، تەنانەت لەنێوان شەش ناونیشانی شەش شیعریشدا، کە سێ سێ دەقئاوێزانی خودی لەنێوانیاندا هەیە، هەروەها یەکجاریش لە نێوان چوار ناونیشاندا دەقئاوێزانی خودی بنیاتناوە. دەقئاوێزانەکانیش بەپێی یاسای جوینەوە بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە بنیاتنراون. تەنیا لە نێوان ناونیشانەکانی (لەبەندیخانە) و (لەزیندانا) نەبێت، کە دەقئاوێزانە خودییەکە لە واتادایەو واتاکەیی وەرگرتۆتەوەو بە فۆرمێکی هاو واتای دەقئاوێزانی خودی لەگەڵدا ئەنجامداوە بەپێی یاسای هەڵمژین بە میکانیزمی دووبارەکردنەوە.

٦- گۆران چەندین دەقئاوێزانی خودیی بەهۆی دووبارەکردنەوەی هەمان بیرەوە کردووە: مەبەست لە بیر تێمە (تیم/ theme)ە، کە بیرۆکەی چەق (سەنتەر)ە - واتە: (central idea)یە- لەدەقدا جا دەشێ بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باسکرابێت لەدەق دا، وەك بابەتی کچ بوون بە قوربانی نەریتی کۆمەڵایەتی کۆن. کەواتە شیاوە، کە لە دوو دەق، یان زیاتردا بە شێوازی جیاواز بەهۆی کەرەستەو وێنەو ڕووداوی جیاوازەوە هەمان بیرۆکەی چەق

(theme) پێشکەش کرابێت. یان وەك ئەوەی گۆران بیرۆکەی خستنە ڕووی جۆرە جوانییەکی هەیە، کە ئەویش جوانی ناخ (دەروونیی)ە، کە نەمرەو لە جوانی جەستە باڵا ترە، گەرچی جوانی جەستە پیر دەبێتو بەرەو نەمان دەچێت، بەڵام جوانی ناخو خووو ڕەوشت بەدرێژایی ڕۆژگار بە نەمری دەمێنێتەوە.

٧- گۆران سوودی لە تێمەی پەندەکانی بیرۆکەی زوڵمو زۆر، کە بینیوە، وەك: خراپەکار خراپتری بەسەر دێو تەنانەت زۆر خراپیش بەسەریا دەشکێتەوە (هەموو زاڵمێك زەواڵی هەیە). هەروەها تێمەی یەکگرتوویی مایەی سەرکەوتنە (برا لەپشت برا بێت مەگەر قەزا لای خوا بێ).

٨- گۆران دەقئاوێزانی خودی لە ئاستی وێنەی شیعریشدا کردووە واتە: سوودی لە وێنەی پێشینە بینیوەتەوە. جا وێنەکە لەوانەیە بینراو ، یان وێنەیەکی تایبەت بەهەستی بۆنکردن، بەرکەوتن ، بیستن، چەشتن بێت، یان لەوانەیە ئەبستراکت بێت، واتە: بە هزریی وەسفکرابێت. لە بەشێك لە شیعرەکانیدا گۆران، وێنەیەکی پێشکەشکردووین دواتر بۆ جاری دووەم، یان سێیەم شیعری پێشینە بووەتەوە بە جێکەوت بۆ شیعری دواتر هاتوو و بەوەش دەقئاوێزانی خودی بەرهەمهاتووە.

**سەرچاوەکان :**


١- ئەنوەر قادر محمد(د.)، دەقئاوێزانی شیعری مەولانای ڕۆمی (١٢٠٧-١٢٧٣)و مەولەوی تاوگۆزی (١٨٠٦- ١٨٨٢)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژمارە (١٨) ، ٢٠٠٦.

٢- احمد ناهم(د.)، التناص في الشعر الرواد، بغداد، دار الشؤن الثقافة العامة، ط ١، ٢٠٠٤ .

٣- احمد طعمة حلبي(د.)، التناص بين النظرية والتطبيق، دمشق، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، ٢٠٠٧ .

٤- عبدالقادر حمە امین محمد(پ.ی. د.) و ئاوارە فەرەیدون قادر(م. ی.)، دەقئاوێزانی خودی لە شیعرەکانی (ئەنوەر قادر محمد)دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژمارە (٤٦)، کانونی دووەمی ٢٠١٥ .

٥- سامان جلال عەزیز، شیعری گۆرانو چەمکی ئیمەیجیزم، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زمان، ٢٠١٠.

٦- سامان جەلال عەزیز، دەقئاوێزانی شیعری گۆران لە شیعری (هەردی، دیلان، ع. ح. ب، کامەران)دا، نامەیەکە پێشکەشی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکانی سکوڵی زمان، بەشی کوردی زانکۆی سلێمانیی کراوە، وەك بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا، ٢٠١٤ .

٧- شنۆ محەمەد مەحموود، دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بە نموونەی (پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت)، نامەیەکە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمان کراوە لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا، ٢٠١١.

٨- محمد عبدالرضا شياع(د.)، الخلفية النصية الاسبانية والشعر العربي المعاصر – بحث في التفاعل النصي، دمشق، ط ١، ٢٠١٣ .

٩- هەڵمەت بایز(د.)، دەقئاوێزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی بەختیار عەلی دا، هەولێر، چاپخانەی شەهاب، ٢٠١٣ .

دیوانەکان:

١٠- گۆران (دیوانی گۆران)- سەرجەمی بەرهەمی گۆران بەرگی یەکەم، محمدی مەلا کریم- کۆی کردوەتەوەو ئامادەی کردوەو پێشەکیو پەراوێزی بۆ نووسیوە، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٠ .

١١-   نالی (دیوانی نالی)، (مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی میکایەلی)، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلاعبدالکریمی مودەریس‌و فاتیح عبدالکریم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی سنە، چ٢، ٢٠٠١ .

**سەرچاوەی بیانی (فەرهەنگەکان):**

12- Cuddon J.A. (2001), A dictionary of literary terms, First Publishing.
13- Learner´s (2005) Oxford Advanced Dictionary, University Press.